گولان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی



## فـــراوانبـــوونی هـــەولێـــــر لە




## پێویستیی نەتەوە لە کاتە هەستیارەکاندا

ئازاد نەقشبەندی




## کورد و کرایسکی

شێرزاد نەجاڕ



## میدیای نوێ و پرسی شوناس

بەهات حەسیب قەرەداغی



## تیرۆریسم بە رووتی

میشێل ڤیڤیۆرکا







■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
tel: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
ماجید نووری

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
هێمن غەنی
شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر
کەمال ئاکرەیی

■ پەیوەندییەکان
ئەیوب کوردی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mobil: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com
Mobil: 07504349426
Ayoob_kurde@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com




## بەرنامەی کار و پرۆژەکان خێراترە



پرۆفیسۆر سۆنیا لاورانس:

## پەروەردەکردنی کچان نەوەیەکی ژنی هۆشیار بۆ کۆمەڵگە ئامادە دەکات

## بلیارد لە هەولێر زیندوو دەکرێتەوە



## UPSێکی تایبەت بە لاپتۆپ



## سەرسووڕان نیشانەیە یان نەخۆشی؟



## سینەمای کوردی لە پێشڤەچووندایە و لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا ئامادەیی هەیە





# ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی یاسایی وەرگرتووە و دەبێت جێبەجێ بکرێت

**لەو بیست و چوار دەسەڵاتەی بۆ سەرۆکی هەرێم دیاری کراوە، ١٤ دەسەڵاتیان تەنیا مەرسوم دەرکردنە، لەم مەرسومانەش ١٢ یان دوای رەزامەندی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستانە**

دەستوور میکانیزمێکە بۆ چۆنیەتی رێکخستنی دەسەڵاتەکان لەهەموو دەوڵەتێکدا، بەپێی پێناسەی دەستووردانەرەکانیش، دەستوور هۆکارێکە بۆ رێکخستنی حکومڕانی و هەروەها دەسنیشانکردنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانیش لەناو ئەو دەستوورە دایە، ئەگەر لەم پێناسە سادەیەی دەستوورەوە سەیری چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵاتەکان بکەین، ئەوا دەستوور نەخشەی رێگەیە بۆ دەسنیشانکردنی جۆری حکومڕانی، بەواتای ئەوەی ئەم سیستمە پادشایەتیە، کۆمارییە، پەرلەمانی-یە، سەرۆکایەتیە، یاخود نیمچە پەرلەمانیە یان نیمچە سەرۆکایەتیە، کەواتە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بپرسین ئایا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن دەستنیشانی جۆری حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ماددەی یەکەمی پرۆژە دەستوورەکە دەیداتەوە کە بەدەق بەمجۆرەیە: ((کوردستان – عێراق، هەرێمێکە لەنێو دەوڵەتی عێراقدا، سیستەمە سیاسیەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتیە، پشت بە فرەلایەنی سیاسیی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتی راستەوخۆی نهێنی و دەورییەوە دەبەستێت).

ئەم دەقە کە ماددەی یەکەمی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، شێوازی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستانی بە پەرلەمانی وەسفکردووە، هەربۆیە ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی پێشتر ئەم دەقەیان پەسەند کردووە و ئێستا بۆ ئامانجی سیاسیی و بەرژەوەندی حزبی خۆیان ئەم راستیە دەشارنەوە و شێوازی حکومڕانی لە کوردستان بە سەرۆکایەتی وەسف دەکەن، ئەمە هەڵەیەکی یاساییە کە ئەو لایەنە سیاسیانە دەیکەن و لە پێناوی بەرژەوەندی حزبیاندا دەیانەوێت ئاڕاستەی راستیەکان و ئاڕاستەی رای گشتی بەلاڕێدا بەرن، لەمەش گرنگتر ئەو ئەو ماددە دەستوورییەی بەدەق لێرەدا ئاماژەمان پێکردووە، بێجگە لەوەی وەك پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان یەك ملیۆن نوسخەی لێ چاپکراوە، لە سایتی پەرلەمانی کوردستانیش وەك دیکۆمێنێکی سەرەکی لە لاپەرەی یەکەمی ماڵپەرەکە شوێنی بۆ دیاریکراوە، بۆیە ناکرێت دەستووری کوردستان، شێوازی سیستمی حکومڕانی لەکوردستان بە پەرلەمانی وەسف بکات و، حزبە سیاسیەکانی کوردستان بۆ چەواشەکردنی خەڵك، تەفسیرێکی دیکە بۆئەم دەقە دەستوورییە بکەن.

## سیستمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە

ئەو خاڵەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتیش حزبی گۆڕان دەیەوێت خەڵکی پێ چەواشە بکات و ناوەڕۆکی دەستوورەکە بشێوێنن و تەمومژو ئاڵۆزی لەسەر ئەم ماددەیە دروست بکات، ئەو خاڵەیە کە رێگەی داوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن گەلەوە راستەوخۆ بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ هەڵبژێردرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستانە چۆن ئەم مەسەلەیەی یەکلایی کردۆتەوە؟ ئایا لە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، یان راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە؟ ئەمەش بەرەو پرسیارێکی دیکەمان دەبات ئایا بە تەنیا هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، سیستمی پەرلەمانی دەگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی؟ بە شێوازێکی دیکە ئایا نموونەی سیستمی حکومڕانی پەرلەمانی لە سیستمی لیبرال دیموکراتی هەیە کە سەرۆك لەلایەن گەلەوە راستەوخۆ هەڵبژێردرێت و سیستمەکەش هەر پەرلەمانی بێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە، بۆ ئەم راپۆرتە لەچەندین پسپۆری یاسای دەستووریمان پرسی، ئەو پسپۆرانە پێیانوایە مەرج نییە بە هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە، شێوازی سیستمەکە بگۆڕدرێت بۆ سەرۆکایەتی، یان تەنانەت بگۆڕێت بۆ سیستمی تێکەڵاوی نیمچە سەرۆکایەتی، ئەو پسپۆرانە خاڵی سەرەکی بۆ گۆڕینی شێوازی سیستم لە پەرلەمانیەوە بۆ نیمچە سەرۆکایەتی یان تێکەڵاوی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ سەیرکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە ناو حکومڕانی دەوڵەتدا، لەبەر ئەوەی زۆر جار سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکیشەوە هەڵدەبژێردرێت، کەچی دەسەڵاتی لە سەرۆکێك کەمترە کە لەپەرلەمانەوە دەسنیشانکرابێت، بۆیە دەسەڵاتەکانی سەرۆك



بڕیار دەدات ئایا سیستەمەکە پەرلەمانیە یان سەرۆکایەتیە نموونەش لەمبارەوە دەوڵەتی نەمسایە کە سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و سیستمەکەش پەرلەمانیە، لێرەدا دەکرێت سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی فەرەنسا وەربگرین کە ژەنراڵ دیگۆل لە کۆماری پێنجەمدا بڕیاری لەسەرداوە، دەبینین دەسەڵاتی سەرۆکی فەرەنسا کەلەمادەی ٥-١٩ دەستوری فەرەنسا دیاریکراوە، لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆکەکانی نەمسا و ئێرلەندا بەراورد ناکرێت، بۆیە ناکرێت سیستمی سیاسیی نەمسا لەگەڵ ئەوەی سەرۆکەکەشی راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت بە سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی پێناسە بکرێت، بەڵکو سیستمەکە هەر بە پەرلەمانی دەمێنێتەوە، سەبارەت بەهەرێمی کوردستانیش کە زۆر کەس دەیانەوێت بەو شێوەیە پیشانی بدەن، کە ئەم دەستوورە بەوشێوەیە دارێژراوە بۆ ئەوەی سیستمی حکومڕانی لە کوردستان لەپەرلەمانیەوە بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی، ئەمە لەکاتێکدا لەسیتمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نییە وەك سیستمی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەوا دیسان ئەمەشیان جۆرێکە لە بەهەڵەدابردنی رای گشتی خەڵکی کوردستان، لەم راپۆرتەدا بەدەق ئەو دەسەڵاتانەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانی داوە بڵاو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان بەراورد بکات و پاشان لەگەڵ سیستمەکانی سەرۆکایەتی و نیمچە سەرۆکایەتی بەراوردیان بکات، بۆ ئەوەی خۆی



لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەوە بڕیار بدات، نەك لەپێناوی پڕوپاگەندەی حزبیی، ئێمە هەوڵبدەین قەناعەتی پێبکەین. ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی لەو راستیە تێبگات کە ئەو ٢٤ دەسەڵاتەی دەستوور بۆ سەرۆکی هەرێمی دیاریکردووە ئەگەر سەیری ئەو ٢٤ دەسەڵاتە بکەین کە لەدەستووردا بۆ سەرۆکی هەرێم دیاریکراون، دەبینین:

١- لەو بیست و چوار دەسەڵاتەی بۆ سەرۆکی هەرێم دیاری کراوە، ١٤ دەسەڵاتیان تەنیا مەرسوم دەرکردنە، لەم مەرسومانەش ١٢ یان دوای رەزامەندی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستانە، تەنیا دوو مەرسوم راستەوخۆ سەرۆك بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دەسەڵاتی هەیە دەریان بکات، ئەوانیش بەخشینی پلەی سەربازی و بەخشینی نیشانە و مەدالیایە.

٢- سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە نارەزایی لەسەر بەشێك یان هەموو بڕیار و یاساکان دەرببڕێت و بیانگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام دواتر بڕیاری پەرلەمان بنبڕ دەبێت، واتە دوا بڕیار بۆ پەرلەمانە نەك سەرۆك.

٣- سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە یان ئاسایشی ناوخۆی هەیە، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە رێگە بە بەشێك لە هێزە فیدرالیەکان بدات بێنە هەرێم، بەڵام چۆن؟ بێگومان دەستوور دیاری کردووە دوای رەزامەندی پەرلەمان.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا سەرۆك ئەو دەسەڵاتە فراوانەی هەیە کە لێی بترسین؟ یان سەرۆك بەبێ پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری، بێجگە لە بەخشینی پلەی سەربازی بە ئەفسەرانی پێشمەرگە بەپێی یاسا و بەخشینی نیشانە و مەدالیا چ دەسەڵاتێکی هەیە، لەم راستەوە هەقە ئەو پرسیارە لە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەین، ئایا دەستوورێك تەنیا دوو دەسەڵاتی بەخشینی پلەی سەربازی و بەخشینی نیشانە و مەدالیای بە شێوەی کردەیی دابێتە سەرۆکی هەرێم، ئایا سیستمی حکومڕانی بەو دوو دەسەڵاتەی سەرۆك، لەپەرلەمانیەوە دەبێتە سەرۆکایەتی !!!!!، یان پێوەری دیکەی یاسایی و دەستوری هەیە ئەو بڕیارە دەدات.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە و هەر سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دەیانەوێت وای پیشانبدەن، کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە بنەڕەتدا پەرلەمانی بووە و بۆ ئامانجی تایبەتی حزبی کراوە بە راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، ئەوە وەڵامی ئەم چەواشەکارییە، ماددەی ٢ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عێراق دەیداتەوە، لەبەر ئەوەی لەماددەی ٢ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بە دەق هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەمجۆرە ئاماژەی پێکراوە: (هاووڵاتیانی کوردستان بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و

ئایا دەستوورێک تەنیا دوو دەسەڵاتی بەخشینی پلەی سەربازی و بەخشینی نیشانە و مەدالیای بە شێوەی کردەیی دابێتە سەرۆکی هەرێم، ئایا سیستمی حکومڕانی بەو دوو دەسەڵاتەی سەرۆک، لەپەرلەمانیەوە دەبێتە سەرۆکایەتی!

# دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا

دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان لە دەستووردا لەماددەکانی ٤٠- ٥٨ دیاریکراوە کە دەکاتە ١٨ ماددەی دەستووری، هەروەها لە ماددەی ٥٣ هاتووە (پەرلەمان بێجگە لەو ئەرکانەی کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم پێی دەسپێرێت، ئەم ئەرکانەشی لەسەر شانە:

یەکەم - بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان — عێراق، بەدەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی.

دووەم: ڕەزامەندی لەسەر ئەو هەمواركردنە دەستووریانەی بەپێی ماددەی (١٢٠/ چوارەم)ی ئەم دەستوورە پێشنیاز دەکرێن.

سێیەم:

١- دانانی یاسا لە هەرێمی کوردستان کە هەمواركردن و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانیش دەگرێتەوە.

٢- بڕیاردان لەسەر کارپێکردنی یاسا فیدراڵیەکان لە هەرێمی کوردستاندا و هەمواركردن و جێبەجێ کردنیان.

چوارەم: گرتنەبەری ڕێکاری تۆمەتبارکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان جێگرەکەی بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان.

پێنجەم: متمانەدان بە وەزارەت و ئەندامەکانی یان لێوەرگرتنەوەیان، متمانە وەرگرتنەوە لە سەرۆك وەزیران بە زۆرینەی ٣/٢ و وەزیرەکانیش بە زۆرینەی ڕەها.

شەشەم: چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت و لێپرسینەوە لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان.

حەوتەم: پەسەندکردنی بودجەی کوردستان و بڕیاردان لەسەر ئەو خەرجیانەی لە بودجەدا نەهاتوون.

هەشتەم: پەسەند کردنی پلانە گشتیەکانی پەرەپێدان.

نۆیەم: دانانی باج و ڕەسمەکان و هەمواركردن و هەڵوەشاندنەوەیان یان لێخۆشبوونیان.

دەیەم: بڕیاردان لەناو پەرلەمان، بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئامادەبووان، لەسەر دروستی ئەندامیەتی پەرلەمان دەبێت.

یازدەهەم: دانانی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و دیاریکردنی میلاکی فەرمانبەرەکانی و خەملاندنی بودجەکەی.

دوازدەیەم: پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتیەکان و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

سێزدەیەم: پەسەندکردنی پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای دەستووری هەرێمی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی.

چواردەیەم: پەسەند کردنی سەرۆکەکانی ئەو دەستەو کۆمسیۆنە سەربەخۆیانەی کە لەماددەی (١٠٧)ی ئەم دەستوورە دەقنووس کراون.

ڕاستەوخۆ سەرۆکێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن،کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتیان دەکا و بەناویانەوە دەدوێت، هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە فیدرالییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات). ئەم دەقە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، بەشێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بڕیاری لەسەر دراوە. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، وێڕای بوونی ئەم دەقە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ لەساڵی ٢٠٠٥ سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە بە دەنگدانی نهێنی هەڵنەبژێردرا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە:

- پسپۆڕانی یاسای دەستووری ئاماژە بەوە دەکەن ئەسڵەن لە یاساکەدا((یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە) هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وا پێشنیار کراوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام موشەریعی دەستووری ئێمە ئیشێکی ناتەواوی کردووە، لە ماددەی ١٧ لە یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: (بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە، سەرۆکی هەرێم لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان — عێراقەوە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێت بۆ (ویلایەتی) یەکەم).، ئەمەشی لەژێر ئەحکامی ئینتیقالی داناوە، بۆیە ئەگەر بپرسین ئایا فەلسەفەی ئەم یاسایە چییە؟ ئەوا ئەگەر سەیری ماددەی دووەمی یاساکە بکەین، دەبینین ماددەی دووەمی یاساکە ئاماژەی بەوەکردووە بەڕێگەی دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت، بەڵام لەماددەی ١٧ کە داوادەکات سەرۆکی هەرێم بۆ ویلایەتی یەکەم لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، ئیشکالیەتێکی دەستوری دروستکردووە، ئیشکالیەتەکەش ئەوەیە، ئایا ئەم ماددەی ١٧ مەبەستی کام سەرۆکی هەرێمە (سەرۆکی یەکەم دووەم سێهەم چوارەم... تاد)، ئەمەش واتە ئایا ویلایەتی یەکەم بۆ کام سەرۆك؟ کەواتە بەپێی ماددەی حەقدە هەر سەرۆکێك دەبێت ویلایەتی یەکەمی لەپەرلەمان بێت و ویلایەتی دووەمی ڕاستەوخۆ بێت لەلایەن خەڵکەوە، ئەمەش لەڕووی یاساییەوە بە هەڵەی موشەریعی دەستووری کوردستان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی دەبوو بینووسیایە (هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکی هەرێم بۆ ویلایەتی یەکەم لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت) نەك بەگشتی دایبنایە، ئەمە لێرەدا ئیشکالیەتێکی دروست کردووە، لەماددەی ٢ هاتووە کە ویلایەتی یەکەم و دووەم دەبێت بە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ بێت، بەڵام لە ماددەی ١٧ ئیستیسنای کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆ هەموو سەرۆکێك ئەوە ئیستیسنایە، لەبەر ئەوەی ماددە ١٧ ئەمە بە ئیستیسنا لە ماددەی ٢ی لە قەڵەم داوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئەو

ئیستسنایەی ماددەی ١٧ بۆ ماددەی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کردویەتی، بوار دەدات سەرۆکی هەرێم بۆ ویلایەتی سێهەم خۆی کاندید بکاتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پسپۆرانی یاسایی دەستووری ئاماژە بەوەدەکەن، مەسەلەکە ویلایەتی سێهەم نییە، بەڵکو هەڵەیەکە موشەریعی دەستووری کردویەتی، پاش ئەوەی موشەریعی دەستووری هەستی بەوەکردووە کە نابێت ئەو ماددە یاساییە بەوجۆرە بێت، هاتووە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا و لەماددەی ٦٤ دا ئەو ئیشکالیەتەی راستکردۆتەوە، لە ماددەی ٦٤ی پرۆژەی دەستووردا دەڵێت: (ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، کە لەرۆژی سوێند خواردنی دەستوورییەوە دەست پێدەکات و دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە، لەرۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە). کەواتە ماددەی ٦٤ پێمان دەڵێت ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوارساڵە لەرۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە دەست پێدەکات و بۆی هەیە جارێکی دیکەش خۆی هەڵبژێرێتەوە، بۆیە دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا هەتا ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی دەستووری خواردووە، نەخێر تەنیا سوێندی یاسایی خواردووە لەبەر ئەوەی لە ماددەی ٩یەمی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بەمجۆرە هاتووە: (سەرۆکی هەرێم دوای هەڵبژاردن و، پێش دەستبەکاربوونی لە ئەرك و فەرمانەکانیدا، لەماوەی حەوت رۆژدا، -لەرۆژی هەڵبژاردنیەوە-، ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەمی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراقدا دەخوات)). ئەگەر سەرنج لەماددەکە بدەین ناڵێت سوێندی دەستووری، بەڵکو ئاماژە بە سوێند خواردن کراوە وەك سوێندێکی یاسایی نەك دەستووری، کەواتە پرۆژەی دەستوور پێمان دەڵێت ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم لەو رۆژەوە دەست پێدەکات کە سوێندی دەستووری دەخوات، بۆیە لەبەر ئەوەی دەستوور نەخراوەتە راپرسیەوە، کە ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لەمافی گەلی کوردستان کراوە، ئەوا سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە ئەمجارە و جارێکی دیکەش خۆی کاندید بکاتەوە، ئەمە بۆ جێگری سەرۆکی هەرێمیشە، لەبەر ئەوەی لەماددەی ٦٣ی دەستوورەکە هاتووە: (سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی پێش دەست بەکاربوونیان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەم سوێندە دەستوورییە دەخۆن)) ئەگەر سەرنج لەمە بدەین، ئاشکرایە زاراوەکانی ناو دەستوور جیاوازن لە زاراوەی ناو یاساکە، هەر بۆیە ئەگەر دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٩ بخرایە راپرسیەوە و پەسەند بکرابایە، ئەوا ئێستا سەرۆکی هەرێم ویلایەتی یەکەمی تەواو کردبوو، تەنیا یەك ویلایەتی دەمایەوە، بۆ تەفسیری ئەم پرسە لە رووی یاسا و دەستوورەوە، ئێمە چەند مەرجەعێکمان هەیە، ئەویش بریتین لە ماددەکانی ٦٣ و ماددەی ٦٤ پرۆژەی دەستوور و ماددەی ٢ و ٣ و ١٧ لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم.

ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات قسەکردن لەسەر دیاریکردنی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم پێوەندی بە کەسێکی دیاریکراوەوە نەبێت، بەڵکو مەسەلەکە دەستوورەو پێوەندی بە رێکخستنی پیادەکردنی دەسەڵاتەکان و دەسنیشانکردنی شێوازی حکومڕانی وڵاتەوە هەیە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارێکیدا کە رۆژی ٢٠١٣/٥/٤ لە ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەناونیشانی (پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە) راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەهیچ کەسێکەوە وەك شەخس نییە و مەسەلەکە رێکخستنی حکومڕانیە لە کوردستاندا و سەبارەت بەخۆی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسیوویەتی: (من نە داوای هەمواركردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمم کردووە، نە داوام کردووە ماوەی سەرۆکایەتی درێژ بکرێتەوە و یاخود رێگەم بۆ هەموار بکرێت بۆ ئەوەی خۆم بۆ ئەم پۆستە بپاڵێومەوە، وەکو شەخس ئامانجم پۆست نییە، ئەم پێگەیە ئامرازێکە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانم. ئەم پۆستە سەنگەرێك بووە بۆ ئەوەی بەرگری لەمافەکانی گەلەکەم بکەم، ویستوومە سەربەستانە و دوور لە گوشار و ململانێ حزبیەکان لەم پۆستەدا سەروەریی گەلەکەم بپارێزم، بۆیەشە کاتی خۆی بەمەرجی دەنگی راستەوخۆی گەل رازی بووم ئەم پۆستە وەربگرمەوە، پێوەر لای من رەزامەندی زۆرینەی گەلەکەمانە و ئامادەنیم ناوبانگ و رابردووی خەبات و تێکۆشانی خۆم و خانەوادەکەم بۆ پۆست و پایە لەکەدار بکەم)).

کەواتە ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ بازاڕگەرمیی حزبی خۆیان دەیانەوێت رای گشتی پێ چەواشە بکەن، ئەوەتا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەراشکاوانە بە هەموو لایەکی رادەگەیەنێت، گرنگ نییە کێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام گرنگە ئەم وڵاتە رێکبخرێت و پرۆسەی دیموکراتی نەگەڕێتەوە بۆ دواوە.

## راپرسی لەسەر دەستوور پرۆسەیەکی یاساییە دەبێت جێبەجێ بکرێت

دەستوور چۆن گەیشتە پرۆسەی راپرسی؟ ئایا ئەم دەستوورە پرۆسەیەکی بەپەلە بوو بۆ ئەوەی بەخێرایی تێپەڕێنرێت بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو؟ ئایا ئەوانەی دەنگیان بۆ ئەوە داوە دەستوور بخرێتە راپرسیەوە ئێستا بۆ دەیانەوێت وای پیشانبدەن دەنگیان بۆ نەداوە؟ ئایا کە دەستوور لە پەرلەمان دەرچوو، شێوەی پرۆسە یاسایەك وەردەگرێت و مولزەمە جێبەجێ بکرێت؟ ئایا جیاوازی نێوان پرۆسەی دەستوور و هەر یاسایەکی دیکە کە لەپەرلەمان دەردەچێت چییە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە، گرنگە بوروژێنرێن و بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێین، لەبەر ئەوەی ئێستا بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی هەندێك لایەنی سیاسیی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی چاویان هیچ یاسا و راستیەك نەبینێت، هەرچی هەیەو نییە بکرێتە قوربانی موزایەدە و بەرژەوەندی حزبی، بۆیە ئەگەر لێرەوە هەوڵبدەین

**ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، کە لەرۆژی سوێند خواردنی دەستوورییەوە دەست پێدەکات و دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە، لەرۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە**

**ئەگەر دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٩ بخرایە راپرسیەوە و پەسەند بکرابایە، ئەوا ئێستا سەرۆکی هەرێم ویلایەتی یەکەمی تەواو کردبوو، تەنیا یەک ویلایەتی دەمایەوە**

وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئەوا سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم دەستوورە، دادوەر عەبدولکەریم هەمەوەندی سکرتێری لیژنەی پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا وەڵامی بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی داوەتەوە و بە وردی لەسەر میکانیزمی داڕشتنی دەستوور بۆ گوڵان قسەی کردووە و هەروەها ئاماژەشی بەوە کردووە دەستوور دوای ئەوەی لە پەرلەمان پەسەندکرا، ئیتر دەبێت گەلی کوردستان بڕیاربدات ئایا پەسەندی دەکات یان نە، نەك حزبە سیاسیەکان بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئەو مافەی نییە دەستوور بگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان.

هەر بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پرسە پرسیارمان لە پسپۆرێکی یاسایی کرد کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بووە، ئەویش سەبارەت بە پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور جەختی لەسەر ئەوە کردەوە پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور نزیکەی ٧ ساڵی پێچووە لە ٢٠٠٢ دەستی پێکردووە لە ٢٠٠٩ کۆتایی هاتووە، لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (ئەم دەستوورە پێش رووخانی رژێمی عیراق لیژنەی بۆ دامەزراوە بۆ ئەوەی بنووسرێتەوە، پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق رەشنووسێکیان پێشکەش کرد، ئەگەر بهاتبایە ئەوکات ئەو رەشنووسە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرابایە، دەبووە دەستووری هەرێم و لە دەستووری عێراقیشدا ئیقراری لەسەر دەکرا، لەبەر ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە پێشدا لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناخی ئینتیقالی ساڵی ٢٠٠٤ و پاشتریش لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ ئەو بارودۆخەی هەرێم هەیبوو ئیقرار کرا، ئەمەش واتە ئیقرارێکی دەستووری و ئیعترافی پێکرا، هەربۆیە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین دەستووری ئەوکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند بکرایە، ئەوا دوای رووخانی رژێم ئیقرارێکی دەستووری لەلایەن دەستووری عێراقەوە پێدەکرا، بەڵام لە بارودۆخێکی دیارکراودا ئەوە دواخرا. دوای رووخانی رژێمی عێراق و نووسینەوەی دەستووری عێراق، جارێکی دیکە لە ٢٠٠٦ لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ دووبارە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، لیژنەکەش بەو جۆرە بوو کە دوو جۆر ئەندامی تێدابوو، یەکەمیان ئەندامانی پەرلەمانی تێدابوو کە نوێنەرایەتی حزبە سیاسیەکانیان دەکرد، دووەمیان لیژنەیەك بوو کە ئەندامەکانی پسپۆری یاسایی و یاسای دەستوری بوون، ئەمانە چەند ساڵ خەریك بوون و هەتا ئەو دەستوورەیان داڕشتووە و پاشان ئەو دەستوورە لەپەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە، ئەم دەنگدانەش بە کۆی دەنگی ئامادەبوون، بێجگە لەیەك کەس کە دەنگی بەدەستوورەکە نەدا، ئەمە کەس بۆیە دەنگی نەدا، لەبەر ئەوەی خۆی پرۆژەیەکی دەستووری ئامادەکردبوو، بەڵام پرۆژەکەی لەلایەن لیژنەی دەستوورییەوە قبوڵ نەکرابوو، دوای پەسەندکردنی یاسایەکی بۆ دەرچوو بەوەی پێویستە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەویش راپرسی لەسەر ئەنجام بدرێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمسیۆنی باڵا وتی من ناتوانم راپرسی ئەنجامبدەم پرۆسەی راپرسیەکە دواکەوت، و نەدرایە راپرسی بەڵام پرۆژەی دەستوور هەموو هەنگاوە یاساییەکانی تەواو کردووە، لەپەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە و پاشان چۆتە سەرۆکایەتی هەرێم و لەوێش ئیقرار کراوە بۆ ئەوەی بدرێتە راپرسی، دەبێت ئەم راپرسیەش ئەنجامبدرێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی یاسایی وەرگرتووە و ئەمەش قاعیدەیە لەدەرکردنی یاسادا، ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان دەرکردنی یاسایە، یاساش چۆن دەردەچێت، یان لە حکومەتەوە دێت یان لە ئەندامانی پەرلەمان، دوایی دەدرێتە لیژنەی پسپۆر و رایان وەردەگیرێت و دێتە دانیشتنی گشتی، لەوێ دەنگی لەسەر دەدرێت، دواتر دەبێتە یاسا، ئەو پرۆژەیەش بەهەمان پرۆسە چووە، دەنگی لەسەر دراوەو لە رووی پرەنسیپی معیارییە وەکو یاسایە، بەڵام یاسایەکە مەرجدارە، کە بە راپرسی جێبەجێ بکرێت، وەکو سکاڵایەك نییە پێشکەشکرابێت و میللەت دەنگی لەسەربدات، ئەوە وەکو یاسایەك لە پەرلەمان دەرکراوەو بە یاسای ژمارە ١٦ی ٢٠٠٨ ئیقرار کراوە، لەمبارەوە ماددەی ٣ لە یاسای پەسەندکردنی دەستوور دەڵێت: (ئامانج لەم یاسایە دیاریکردنی میکانیزمی دەستوورێکی هەمیشەیە بۆ هەرێم بەپێی حکومەکانی ماددەی ١٢٠ لەدەستووری عێراقی فیدرالدا) هەروەها لە ماددەی ٤ یشدا هاتووە: (پرۆژەکە بە داڕشتنە کۆتاییەکەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەر کاتێك کۆتایی بە کارەکانی هات لەلایەن لیژنەیەکەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەکرێت) لە ماددەی ٥ یشدا دەڵێت: (سەرۆکایەتی ئەنجوومەن داڕشتنی کۆتایی پرۆژەکە لە خشتەی کارەکانی دادەنێت بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت) لەماددەی ٦یشدا دەڵێت: (پرۆژەکە دەخرێتە بەردەم راپرسی گشتیەوە دوای پەسەندکردنی لە ئەنجوومەن بەلای کەمی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە) کەواتە پرۆژەی دەستوور حوکمی یاسایی وەرگرتووە و دەبێت لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ بکرێت، فقهی یاسایی رێگە نادات ئەم دەستوورە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان. سەبارەت بە ئەگەر پەسەند نەکردنی دەستور لە راپرسی و دوای ئەوە گەرانەوەی بۆ پەرلەمان، هەمان پسپۆریی یاسایی دەستوری پێی راگەیاندین: (ئێستا بەپێی یاسا دەبێت ئەم دەستورە بخریتە راپرسیەوە، ئەمەش لەبەردەم دوو ئەگەردایە، یان ئەوەتا دەستورەکە لە راپرسی پەسەند دەکریت و دەستورەکە دەکەویتە جیبەجێ کردن، یان ئەوەتا رەتدەکرێتەوەو پەسەند ناکرێت، بەڵام ئەگەر پەسەند نەکرا، ئەوا لەم حاڵەتەشدا دەستور ناگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵکو ئەم دەستورە نامێنێت و دەبێت لیژنەی نوسینەوەی دەستور، سەرلەنوێ پرۆژەی دەستورێکی تازە ئامادەبکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هیچ یاسایەك ریگە نادات دەستور بگەڕێتەوە پەرلەمان هەتا ئەگەر لەلایەن خەڵکی کوردستانیشەوە رەتبکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە فقهی یاسایی ریگە نادات بە هیچ جۆریك دەستور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان.)).

**ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ بازاڕگەرمیی حزبی خۆیان دەیانەوێت رای گشتی پێ چەواشە بکەن، ئەوەتا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەراشکاوانە بە هەموو لایەکی رادەگەیەنێت، گرنگ نییە کێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام گرنگە ئەم وڵاتە رێکبخرێت و پرۆسەی دیموکراتی نەگەڕێتەوە بۆ دواوە**

# دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا

بەپێی دەستوور، سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتانە پیادە دەکات:

یەکەم: پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایاندەنێ، لەماوەی پازدە ڕۆژ لەوەرگرتنیانەوە، بۆشی هەیە لەو ماوەیە ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێکیان دەرببڕێ و بیاننێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاوپێداخشانەوەیان، دواتر بڕیاری پەرلەمان بنبڕ دەبێت.

سێیەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان، لەکاتی هەڵوەشانەوە یان تەواوبوونی خولەکەیدا، بەپێی ماددەی ٥٧ی ئەم دەستوورە.

چوارەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن لەماوەی ١٥ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەگەر بانگهێشتکردنەکەشی نەکرد، پەرلەمان ڕۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە سەربەخۆ کۆدەبێتەوە.

پێنجەم: دەکردنی مەرسومێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، لەو حاڵەتانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.

شەشەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ لەسەر کارلابردنی وەزیر لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

حەوتەم: دەرکردنی ئەو مەرسومانەی کە هێزی یاسایان هەیە پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران(ئەویش لەچەند حاڵەتێکی تایبەتدا)

نۆیەم: لێبوردنی تایبەتی زیندانیان بەدەرکردنی مەرسومێك بەپێی یاسا.

دەیەم: پەسەندکردنی حکومی ئیعدام یان سوککردنی بۆ هەتا هەتایە.

یانزەهەم: بانگهێشتکردنی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لە کاتی پێویستدا بۆ باسکردنی هەندێك پرسی دیاریکراو هەر بۆخۆیشی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات.

دوازدەیەم: ڕێگەدانان بە بەشێك لە هێزە چەکدارە فیدراڵیەکان بۆ کوردستان- عێراق لەکاتی پێویستدا، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان.

سێزدەهەم: ناردنی هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بە ڕەزامەندی پەرلەمان.

چواردەیەم: ڕاسپاردنی پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی زۆرترین ژمارەی هەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزارەت لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا.

پازدەهەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ پێکهێنانی وەزارەت پاش ئەوەی متمانەی پەرلەمانی وەرگرت.

شازدەهەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ لەسەر کارلابردنی وەزارەت یان وەزیر ئەگەر متمانە لەهەر یەکەیان وەرگیرایەوە.

حەڤدەهەم: دەکردنی مەرسومێك بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەت یان وەزیر و ڕاسپاردنی بۆ ئەنجامدانی کارەکەی هەتا پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ.

هەژدەهەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ پێکهێنانی دادگای دەستووری، پاش ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پاڵێوراوەکان.

نۆزدەهەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ دامەزراندنی دادوەرەکان و سەرۆکی سەرپەرشتیاری دادوەری و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی، دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە.

بیستەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ دامەزراندنی سەرۆکەکانی ئەو کۆمسیۆنانەی کە لەماددەی (١٠٧)ی ئەم دەستوورە دەقنووس کراون پاش ڕەزامەندی پەرلەمان لەسەر پاڵاوتنیان.

بیست و یەکەم: دەرکردنی بڕیارێك بۆ دامەزراندنی نووسینگەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی بیانیدا لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لە حکومەتی فیدراڵدا.

بیست و دووەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پاڵاوتنی وەزیری پەیوەندار و ئەنجوومەنی وەزیران.

بیست و سێهەم: بەخشینی پلە سەربازییەکان بە ئەفسەرانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردن و خانەشین کردنیان بەمەرسومێك بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

بیست و چوارەم: بەخشینی نیشانە و مەدالیا بە مەرسومێك بەپێی یاسا.

## دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەند

((سکرتێری لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان)) بۆ گوڵان:

# دەستوور ئامادەکراوە بۆ راپرسی و دەبێت گەلی کوردستان بە بەڵێ یان نا رای خۆی لەسەر بدات

### نەک حزبە سیاسییەکان بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئەو مافەی نییە داوا بکات دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان

**پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بێجگە لە یەك ئەندام، بەکۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتیی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی دەکەن، پەسەند کراوە و پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم پرۆژەی دەستوورەی ئیقرار کردووە و بڕیاریداوە گەلی کوردستان بە بەڵێ یان نەخێر رای خۆی لەسەر بدات، بەڵام ئێستا هەر ئەو لایەنانەی کە لە ٢٠٠٩ خۆیان ئەم پرۆژەی دەستوورەیان پەسەند کردووە، داوادەکەن نەخرێتە راپرسییەوە و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام لەبەر ئەوەی پرسی دەستوور پرسێکی یاساییە، ئەوا دەبێت ئەم مەسەلەیە لەگەڵ یاساناسان باس بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە سەردانی دادوەر عەبدولکەریم هەمەوەندیمان کرد کە بەڕێزی سکرتێری لیژنەی بەدواداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، لە وتووێژێکی کراوەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ماوەیەکە باس لە گێڕانەوەی دەستوور دەکرێت بۆ پەرلەمان و باس لەوە دەکرێت ئەم دەستوورە بە پەلەپەل نووسراوە و دەیانەوێت تێپەڕێنرێت، ئایا پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور چۆن بووە؟**

- ئەگەر بە درێژی باس لە بنج و بنەوانی پرۆژەی دەستووری هەرێم بکەین، ئەوا پێویستی بە پانۆرامایەك هەیە، بەڵام بۆ ئاگاداری خوێنەر دەبێ هەندێ لە ڕێکارە سەرەکییەکانی روون بکەینەوە:

یەکەم: بیرۆکەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، کاتێ بە راسپاردەی سەرکردایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، زاناو سیاسەتمەداری کۆچکردوو جەرجیس فەتحوڵڵا یەکەم پرۆژەی دەستووری بۆ کوردستان نووسییەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئەوکات و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، پرۆژەکە بە رەشنووسی مایەوە. لەدوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، بیرۆکەی دانانی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان چەکەرەی کردەوە. ئەو جارە پەرلەمان لە خولی یەکەمیدا و لە سەر هەمان رێباز، لە ٢٠٠٢/١١/٧، دەستوورێکی بۆ هەرێمی کوردستان و پرۆژەی دەستوورێکیش بۆ کۆماری فیدرالی عێراقی داناو بۆ تەبەننی کردنیان دەنگی پێدرا.

دووەم: دوای رووخانی رژێمی بەعس و رزگارکردنی عێراق لەدێوەزمەی سەددام و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا پێداچوونەوە بە پرۆژەکەی دەستووری هەرێم بکرێت، کە لە ٢٠٠٢ تەبەننی کرابوو، بەجۆرێك لەگەڵ کەش و هەوای سیاسی و هەلومەرجی دوای ئازادکردنی عێراق بگونجێت. بۆ ئەم مەبەستەش، لە ٢٠٠٥/٩/٨، بە بڕیارێك، لیژنەیەکی تایبەتی لە ١٩ ئەندام پێکهێنا بۆ پێداچوونەوەو دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، کە هەر ٩ ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و چەند کەسێکی دیکە لە ناو پەرلەمان و دەرەوەی لەخۆدەگرت، کە زۆربەیان کەسانی پرۆفیشناڵ بوون. دەتوانم بڵێم پێکهاتەی لیژنەکە نوێنەرایەتیی گشت پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و ئایین و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی دەکرد، وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی شیوعی کوردستان، تورکمان، مەسیحی، ئێزدی، دادوەر، پارێزەر، مافپەروەر و ئەکادیمی تایبەتمەند لە بواری یاساو دەستووردا...تاد.

سێیەم: لیژنەکە لە ٢٠٠٥/٩/١٤، بەشێوازێکی دیموکراسی و شەفافانە دەستی بە کارەکانی کرد. دەستکرا بە گفتوگۆو شیکردنەوەی ماددەکانی پرۆژەکەو هەموارکردن و گۆڕین و زیادکردنیان بە شێوەیەکی تەوافوقی لە نێوان ئەندامەکانی. کاتێ ماددەیەك دەخرایە



**بیرۆكەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، كاتێ بە راسپاردەی سەركردایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، زاناو سیاسەتمەداری كۆچكردوو جەرجیس فەتحوڵڵا یەكەم پرۆژەی دەستووری بۆ كوردستان نووسییەوە**

بەرگفتوگۆ، ئەندامان زۆر ئازادانە بیرو رای خۆیان لەسەر هەر حوكم و بڕگەو ماددەی پرۆژەكە دەردەبڕی. كاتێ دەگەیشتە داڕشتنی كۆتایی، ماددەكە دەچەسپا. جاری واش دەبوو لەسەر ماددەیەك، لیژنە ناچار دەبوو بگەڕێتەوە بۆ لایەنە سیاسییەكان بۆ ئەوەی هاوكاربن لە گەیشتن بە تەوافوقێك.

چوارەم: بەم جۆرە پرۆژەكە لە ٧٨ ماددەوە گەیشتە ١٢٢، بە پێشەكییەك و هەشت دەروازەوە. ئینجا بۆ ئەوەی زۆرترین لایەن و كەسایەتیی سیاسی و پرۆفیشناڵ بەشداری لە بەپێزكردنی پرۆژەكە بكەن و رەخنەو پێشنیارەكانیان لەسەر دەربڕن، لیژنە رەشنووسی پرۆژەكەی بە زمانی كوردی و عەرەبی بەچاپ گەیاندو بە هەزاران كۆپی لێ دەرچوواندو بۆ گشت لایەن و جڤاك و كەسایەتیی سیاسی و حكومی و وەزارەتەكان و فەرمانگەو كۆلێژەكانی یاساو سیاسەت و پەیمانگەكانی رەوانەكرد. لەئەنجامدا لیژنەكە كۆمەڵێك پێشنیاری بەنرخی پێگەیشت و لەرۆشنایی پێشنیارەكاندا جارێكی دیكە بە رەشنووسەكەدا چۆوە.

پێنجەم: لیژنە دوای هەمواركردنی رەشنووسەكە لەسەر ئەو پێشنیارانەی پێی گەیشتن، رەشنووسەكەی لەشێوەی نامیلكەیەك بەچاپ گەیاندەوەو یەك ملیۆن (١،٠٠٠،٠٠٠)كۆپی لێ دەركردو لەڕێگەی بریكارەكانی خۆراكەوە دابەشی سەر هەموو خانەوادەیەكی هەرێمی كوردستانی كرد بۆ ئەوەی بۆ جاری كۆتایی رەخنەو پێشنیاری هەر تاكێكی كوردستانی پێبگات. بۆ هەر كەناڵێكی تەلەفزیۆن و رادیۆ و ئەنتەرنێت و رۆژنامەو گۆڤارو نامەی كەسایەتییەكانی دەرەوەی وڵات، ئەندامێكی تایبەتی لە لیژنە راسپارد بە كۆكردنەوەی رەخنەو پێشنیارەكان كە لەدوا جار گەیشتە (٥٢٠٠) پێنج هەزارو دوو سەد رەخنەو پێشنیار. ئینجا جارێكی دیكە دەستی بە هەندێ كۆبوونەوەی چڕوپڕ كردەوەو تەتەڵەی رەخنەو پێشنیارەكانی كردو ئەوەی بەباشی زانی خستیە ناو رەشنووسەكە و پرۆژەكەی خستە بەردەم سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و لەو رێگەوەش ٣٦ پارت و لایەنی كوردستانی پەسەندیان كردو ئینجا گەڕایەوە پەرلەمانی كوردستان بۆ دەنگدان لەسەری. ئەوە بوو، كاتێ لە پەرلەمان خرایە دەنگدانەوە، لە ٩٧ ئەندامی ئامادە، ٩٦ ئەندام بە (بەڵێ) دەنگی بۆ دا.

*** ئایا لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی كوردستان، پشتتان بە چەند شێواز و نموونەی دەستوورە جیهانییەكان بەستووە و تاچەند سوودتان لە ئەزموونی دەستووردانەرانی جیهانی وەرگرتووە؟**

- لەهەست كردنییەوە بە هەستیاری ئەو ئەركەی پێی سپێردرابوو، بۆ ئەوەی پرۆژەی دەستوورێكی گشتگیر بێتەكایەوە كە گونجاوبێت بۆ گشت پێكهاتە

**دوای رووخانی رژێمی بەعس، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا پێداچوونەوە بە پڕۆژەکەی دەستووری هەرێم بکرێت، کە لە ٢٠٠٢ تەبەنی کرابوو، بەجۆرێک لەگەڵ کەش و هەوای سیاسی و هەلومەرجی دوای ئازادکردنی عێراق بگونجێت**

**تا ئێستا لە پرۆسەی دانانی هیچ دەستوورێکی وڵاتاندا رووی نەداوە پرۆژەی دەستوور، دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان و ناردنی بۆ ریفراندۆم بگێڕدرێتەوە بۆ پەرلەمان و هەموار بکرێت**

جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەوە، لە هەمان کاتدا بنەماکانی ناکۆك نەبن لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدرالی، لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور، پێش ئەوەی دەستی بەکارەکانی بکات، هەوڵی دا هەلومەرج بڕەخسێنێت بۆ سەرکەوتنی لەبەجێهێنانی ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە پێی سپێردرابوو، بۆ نموونە:

أ) بنەماکانی جاڕی گەردوونی بۆ مافی مرۆڤی کردە سەرمەشقی کار، بۆ ئەوەی بنەماکانی پرۆژەکە ناکۆك نەبن لەگەڵیاندا.

ب) لە رێگەی سەرچاوەکانی یاسای دەستووری و ئەنتەرنێتەوە، دیراسەی چەندین پرۆسەی دانانی پرۆژەی دەستووری وڵاتان کرا.

ج) دەقی دەستووری ٢١ وڵاتی عەرەبی خرایە بەردەستی ئەندامانی، جگە لە دەستوورەکانی وڵاتانی هەرێمی و وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەك: ئەمریکا، رووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا، کەنەدا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئەڵمانیای فیدراڵ، کۆماری ڤەنزوێلا، باشووری ئەفەریقیا، بۆسنیا، هەرزەگوڤینا، جزر القمر، ویلایەتی کیبیك، ویلایەتی کالیفۆرنیا و گەلێ لە وڵاتانی دیکە کە ئێستا نایەتەوە یادم، کە ناچاربووین زۆربەیان لە ئینگلیزی و ئیتاڵی و زمانی دیکەوە بۆ زمانی عەرەبی، یان کوردی وەربگێڕین و بیانخەینە بەردەستی ئەندامانی لیژنەکەو درانە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی ببن بە سەرچاوەی زانیاریان و لەدواجار بەدڵنیاییەوە دەنگ بە پرۆژەی دەستوورە نوێیەکە بدەن.

د) پەیوەندی بەچەند پسپۆرێکی دەستووری نێودەوڵەتی کرد، کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە بەشداریکردن لە دانانی دەستووری چەندین وڵات و بە سوپاسەوە، ئامۆژگاری بەپێزیان لەم بارەیەوە پێشکەش بە لیژنە کردو دواجار چاویان بە زۆر لە حوکمەکانی پرۆژەکە خشاندەوە.

*** وەك بەڕێزتان دەزانن دەستووری هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان لە کۆی ٩٧ ئەندام پەرلەمانتار، ٩٦ پەرلەمانتار دەنگی پێداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تێکڕای کوتلە سیاسییەکانی پەرلەمان بە لایەنە ئیسلامییەکانەوە دەنگیان پێداوە بۆ ئەوەی بخرێتە راپرسییەوە، ئێستا کە هەر ئەو لایەنانە داوا دەکەن بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان ئایا تاچەند ئەم داواکارییە لەگەڵ یاسادا دەگونجێت؟**

- بێگومان گێڕانەوەی پرۆژەی دەستوورەکە بۆ خودی پەرلەمان، دوای دەربازبوونی لە پەرلەمانەوەو ناردنی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، بەمەبەستی خستنە بەردەم گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەریدا، پێچەوانەی یاساو لۆجیکە، چونکە ئێستا سەرۆکی هەرێمیش بۆی نییە رەتی بکاتەوەو رەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە. پرۆژەکە قۆناغی پەرلەمانی بڕیوەو گەیشتووەتە قۆناغی



ریفراندۆم و مافی گەلی کوردستانە دەنگی لەسەر بدات بە (بەڵێ) یان (نا). خۆ ئەگەر پرۆژەکە بگێڕدرێتەوە پەرلەمانی کوردستان بێ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت واتە مافی ریفراندۆممان لە گەلی کوردستان زەوتکرد. ئەرێ دوای ئەو هەموو رێکارە دەستووری و یاساییانەی گیراونەتەبەر و ئەو هەموو ساڵ و مانگەی کە پرۆژەی دەستووری تێدا ئامادەکرا، بۆم نییە پرسیار بکەم لەوانەی کە دەڵێن پەلە لە دانانی پرۆژەی دەستوورەکە کراوە: ئایا، کارکردن بۆ ماوەی پتر لە شەش ساڵ بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی ئەم دەستوورە، پەلەکردنی پێ دەڵێن؟ دەگمەنە لە مێژووی هاوچەرخدا دەستوورێك هێندە بە هەناسەفراوانی و لەسەر خۆ و شەفاف و دیموکراسییانە نووسرابێتەوە.

*** ئایا لە عورفی پەرلەمانی جیهانیدا دیاردەیەکی لەو جۆرە هەیە پەرلەمان بەکۆی دەنگ دەستوور پەسەند بکات بۆ راپرسی، پاشان لایەنە سیاسییەکان پەشیمان ببنەوە و داوا بکەن بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟**

- تا ئێستا لە پرۆسەی دانانی هیچ دەستوورێکی وڵاتاندا رووی نەداوە پرۆژەی دەستوور، دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان و ناردنی بۆ ریفراندۆم بگێڕدرێتەوە بۆ پەرلەمان و هەموار بکرێت، بێ ئەوەی بخرێتە بەردەستی گەل تا دەنگی لەسەر بدات، هەتا بکرێت بە رێکارێکی پێشینە



(سابقة اجرائية) پشتی پێ ببەسترێت بۆ ئەم مەبەستە. تەنانەت، پەرلەمانی کوردستان ئەم پێشینەی بەرامبەر بە یاساکانیش رەفتار نەکردووە، چ جا، لە دانانی یەکەم پرۆژەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان. گرەنتی چییە ئەگەر گەڕایەوە نێو پەرلەمان و هەموارکراو خرایە بەر دەستی گەل و گەل بە بەڵێ دەنگی لەسەردا، پەلپێك و بیانوویەکی دیکەی پێناگرن.


*** دەستوور دەستکردی مرۆڤە، واتە کتێبێکە مرۆڤ دایناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستووری هەرێمی کوردستانیش بێ کەموکورتی نییە، ئایا ئەگەر ئەم دەستوورە بخرێتە راپرسییەوە، پاشان بواری ئەوە نابێت هەموار بکرێتەوە؟**

- راستە، دەستوور دەستکردی مرۆڤەو مرۆڤیش بەدەر نییە لە هەڵە و کەموکورتی، بۆیە دانەرانی پرۆژەکەش ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە کە بۆی هەیە کەم و کورتی تێبکەوێت، یان بە گوزەری رۆژ پێویست بە گۆڕینی هەندێك بڕگەو ماددە بکات. بۆیە لە ماددەی ١٢٠ی پرۆژەکە، بەدووردرێژی رێکاری هەموارکردنی حوکمەکانی دەستوورەکەی روون کردووەتەوەو دەڵێ سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران بەیەکەوە، یان سێیەکی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن، (نەك هەمووارکردنی پرۆژەکە) وەك هەندێ لایەن داوای دەکەن.

*** تاچەند بوونی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە بە تایبەتی لەم کاتەدا کە ئێمە بەرەو چەسپاندنی فیدرالیزم لە عێراق هەنگاو هەڵدەگرین؟**

- دڵسۆزانی گەلەکەمان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکەن کە کوردستان، وەك سەرجەم گەلانی جیهان، ببێت بە خاوەنی دەستوورێك لە مێژووی حوکمڕانی خۆیدا، بەتایبەتی کە هەرێم لەو ساتەدا لەهەموو کاتێك پتر پێویستیی بە دەستوورێك هەیە کە پەیوەندیی دەسەڵات بە گەل لەلایەك و بە دەسەڵاتی عێراقی فیدرال لەلایەکەی دیکەوە رێك بخات و کەشێکی دیموکراسیی گونجاو لە نێو هەرێمدا بێنێتە کایەوەو هاووڵاتیان دڵنیابن لە رەوایی حوکمڕانیی هەرێمەکەیان. خۆ ئەگەر لە زوویەکەوە هەرێمی کوردستان خاوەن دەستوور بووایە، گەلێ کێشەی ناوخۆ رووی نەدەداو کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدرال گەلێك کەمتر دەبوو. ئێستاش چاك وایە ئەم هەلە لەدەست نەدەین و هەتا زووە دەستوورەکە بخەینە راپرسییەوە، چونکە ناحەزانی گەلەکەمان لە هەوڵی ئەوەدان پرۆسەکە لەبار بەرن و ماوە نەدەن هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستووری خۆی.

# لە کاتە ناسک و هەستیارەکاندا نەتەوەکەمان پێویستی بە دانایی دانایان و شێوازی خەبات و هەڵوێستی "گاریبالدی"یە



پ. د. ئازاد نەقشبەندی
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

نەتەوەکەمان ئەمرۆ بە قۆناغێکی ناسک و هەستیاردا تێدەپەڕێت، چونکە لەلایەك بارودۆخەکان لە هەموو کاتێك زیاتر لەبارن بۆ ئەوەی بە ئاواتەکانی بگات و لەلایەکی دیکە دوژمنانی نەتەوەکەمان، کە وەك ئێمە و بەڵکو زیاتریش بارودۆخەکە دەخوێننەوە و لە نزیکبوونەوەی گەیشتنی نەتەوەکەمان بە ئاواتەکانی دەگەن، هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ تێکدانی بارودۆخەکە و گۆڕینی بە ئاراستەیەکدا کە لە بەرژەوەندیی ئێمە نەبێت. قۆناغەکە ناسك و هەستیارە، چونکە گەر ئەم هەلەمان لە دەست دەرچێت و نەتوانین سوود لە بارودۆخەکە وەرگرین، دەکەوینە بەر لەعنەتی مێژوو و پەشیمانی دەردمان ناخوات. بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە ئەم قۆناغە ناسك و هەستیارە بەڕێکەین، بە پێویستی دەزانین کە:

١ – گوێڕایەڵی دانایەك و فەیلەسوفێکی وەك «ئەفلاتۆن» بین لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسیەکانمان، کە لە کۆمەڵگای ئێمە و هاوچەشنەکانیدا رۆڵی کاریگەر دەبینن. لەم بارەیەوە «ئەفلاتۆن» دەپرسێت: «سەیرە کاتێك نەخۆش دەکەوین بە دوای پزیشکێکی پسپۆری لێهاتوودا دەگەڕێین کە چارەسەرمان بکات نەك جوانترین یان قسە زانترین پزیشك، ئەی کاتێك هەموو کۆمەڵگا و دەوڵەت نەخۆش دەکەوێت ئایا پێویست نییە بەدوای شیاوترین و داناترین کەسدا بگەڕێین؟ پێویستە، بۆ بەرژەوەندیی هەمووان، ئامرازێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی رێگەنەدەین کەسانی فێڵباز و نەشیاو بگەنە پۆستە گشتییەکان و باشترین کەس هەڵبژێرین بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست». ئێمەیش دەڵێین: «پێویستە نەك تەنیا کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دیاری بکرێت و هەڵبژێردرێت، بەڵکو پێویستە لە هەمان کاتدا شیاویش بێت بۆ کاتی شیاو».

٢ - رێگە نەدەین چەواشەکاران چەواشەمان بکەن. لەم روانگەیەوە پێویستە گوێڕایەڵی دانایەك و فەیلەسوفێکی وەك «سوقرات» بین کە دەڵێت: «پێویستە بە (گومان) بین. فەلسەفە کاتێك دەست پێدەکات کە مرۆڤ فێری (گومان) دەبێت. ئەو پێمان دەڵێت: «سیاسەتی راست و دروست، بوونی نییە گەر عەقلی مرۆڤ پشکنینی بۆ نەکات». بەواتایەکی دیکە «سوقرات» داوامان لێدەکات و پێمان دەڵێت: «کاتێك هەواڵێك دەبیستیت یان دەخوێنیتەوە یان زانیارییەکت پێدەگات پێش ئەوەی بڕوای پێبکەیت رێگە بە عەقڵت بدە کە پشکنینی بۆ بکات بۆ ئەوەی راست و دروستی بسەلمێنێت».

٣ – پەیڕەوکردنی هەڵوێست و شێوازی خەباتی «گاریبالدی». بۆ ئەوانەی کە «گاریبالدی» ناناسن دەڵێین: «جوزیبی گاریبالدی Giuseppe Garibaldi»، ناسراو بە «قارەمانی دوو جیهان» Hero of Two Worlds، شۆڕشگێڕێکی ئیتاڵی بووە لە نێوان ساڵەکانی (١٨٠٧ – ١٨٨٢) ژیاوە و خەونی بە ئیتاڵیایەکی (سەربەخۆ و یەکگرتوو) دەبینی، کە ئەو کات لە نێوان چەندین دەوڵەت و بەسەر چەندین هەرێمدا دابەشکرابوو.

**«جوزیبی گاریبالدی»**

«گاریبالدی» و لایەنگیرانی بە خاوەن «کراسە سوورەکان Red Shirts» ناسراو بوون. ئەو بێ کۆڵنەدان خەباتی دەکرد بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی، کە وەك ئاماژەمان بۆ کرد، بریتی بوو لە، (ئیتاڵیایەکی سەربەخۆ و یەکگرتوو). لای ئەو پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە پلەی یەکەم دەهات، بۆیە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو بە شێوەیەك کە ئامادە بوو تەنانەت واز لە بیروبڕوا (کۆمارییەکان)ی بهێنێت لە پێناو گەیشتن بە خەونەکانی کە خەونی هەموو ئیتاڵیەکان بوو. بۆ ئەم مەبەستەیش وازی لە بیروبڕوا (کۆمارییەکان)ی هێنا و هاریکاریی (فیکتور ئیمانۆیل دووەم Victor Emmanuel II)، پادشای (سردینیا)، و (کامیلو کافور Camillo Cavour)ی سەرۆك وەزیرانی کرد کاتێك بۆی دەرکەوت لەسەردەستی ئەواندا و بە ڕێگای ڕژێمی پادشایەتی دەتوانرێت ئیتاڵیایەکی (سەربەخۆ و یەکگرتوو) دابمەزرێت.

نامانەوێ زیاتر لەسەر «گاریبالدی» بدوێین، بەڵام ئەوەندە دەڵێین کە: «خەباتی «گاریبالدی» و هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەکانی جێگای ڕێزلێنان بوو نەك تەنیا لەلایەن ئیتاڵییەکان، بەڵکو لەلایەن شۆڕشگێڕان و نیشتمانپەروەرانی گەلانی جیهان بە شێوەیەك ئەمڕۆ پەیکەری ڕێزلێنانی لە چەندین شاری ئیتاڵی و شارانی وڵاتانی دیکەی ئەم جیهانە، (ڕۆما، نیویۆرك، واشنتون دی. سی.، تاجونروج، مونتفیدۆ و بۆینس ئایرس)، بۆ دروست کراوە.

گوێڕایەڵیی دانایان و پەیڕەوکردنی هەڵوێست و شێوازی خەباتی «گاریبالدی» وا پێویست دەکات کە:

- بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبییەکان بەلاوەبنێین لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.
- کاتێك بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبییەکان دژی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەبن، پێویستە ناسنامەی پارتەکان بدڕێنین و ناسنامەی کوردایەتی بە یەخەمانەوە بکەین.
- پەیڕەوی پرەنسیپی «جێبەجێ کە دواتر تاوتۆکە» نەکەین. هیچ شتێك جێبەجێ نەکەین پێش ئەوەی عەقڵمان پشکنینی بۆ نەکات. دوای پشکنینی عەقڵ بڕیاری جێبەجێکردنی بدەین گەر لە بەرژەوەندیی نەتەوە و نیشتمان بوو.
- ڕێگە نەدەین دەقە یاسایی و دەستوورییەکان ڕێگە لە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانمان بگرێت. نابێت بەندێکی یاسایی یان دەستووری ڕێگە لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەك بگرێت. دەربارەی ئەم بابەتە، (د. حبیب تومی) لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٤ لە ڕۆژنامەی (الاخبار) بڵاوی کردووەتەوە لە زاری «جەنرال دیگۆل»ەوە دەڵێت: «قوربانی بە فەرەنسا نادەم لەبەر دەقێك لە دەستووری فەرەنسادا. دەستوور دانراوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی نیشتمان و گەلدا بێت نەك بە پێچەوانەوە، گەر هەندێك لە بەندە یاسایی و دەستوورییەکان لە قۆناغێکدا دژی بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان بێت دەکرێت بگۆڕێن». بیرمەندێکی ئەمریکیش دەڵێت: «مەزنیی دەستووری ئەمریکی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئامرازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری تیایدا».



- هیچ کاتێك ڕێگە نەدێت هیچ کەس و لایەن و پارتێك لە جیاتی تۆ بڕیاری چارەنووسسازی لە چارەنووسی خۆت و نەتەوەکەت بدات.

دوور نییە وتارەکەم هەندێ کەسی زویر کردبێت، بۆیە حەزدەکەم ئاشتیان بکەمەوە و نوکتەیەکیان بۆ بگێڕمەوە، کە دۆستێکی ئازیزم دەربارەی «گاریبالدی» ساڵانێك لەمەوبەر بۆی گێڕامەوە وتی: «جاران بابەتی یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا و ڕۆڵی «گاریبالدی» تیایدا لە بابەتی مێژوودا لە قۆناغی ناوەندیدا دەخوێنرا. لە تاقیکردنەوەیەکدا مامۆستای مێژوو داوای لە قوتابیان کردبوو کە پێناسەی «گاریبالدی» بکەن. قوتابییەکیش، کە دیارە وەك پێویست و بە شێوەیەکی باش خۆی بۆ تاقیکردنەوەکە ئامادە نەکردبوو، وەڵامی ئەم پرسیارەی نەدەزانی بۆیە داوای لە قوتابییەکەی تەنیشتی کرد کە پێناسەی «گاریبالدی» بۆ بکات. ئەویش، بۆ گاڵتە پێکردن وەڵامی دایەوە و وتی: «لە بیرتە کە چووین بۆ سینما فلیمی (گۆریلا)مان دی؟، ئەم، واتە «گاریبالدی» لە (گۆریلا) گەورەترە».

ئێمەیش دەڵێین: «وریا بن، گەر لەم کاتە ناسك و هەستیارانەدا گوێڕایەڵی دانایان نەبین و پەیڕەوی شێوازی خەبات و هەڵوێستی «گاریبالدی» نەکەین (گۆریلا) و بگرە لە (گۆریلا) گەورەتریشمان بۆ دێت».

**پەیڕەوی پرەنسیپی «جێبەجێ کە دواتر تاوتۆکە» نەکەین. هیچ شتێک جێبەجێ نەکەین پێش ئەوەی عەقڵمان پشکنینی بۆ نەکات**

**ڕێگە نەدەین دەقە یاسایی و دەستوورییەکان ڕێگە لە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانمان بگرێت. نابێت بەندێکی یاسایی یان دەستووری ڕێگە لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەک بگرێت**



# دیڤید فلیپس

## لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

# ئەگەر رۆڵی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی نەبوایە ئەم پرۆسەی ئاشتییەی ئێستای تورکیامان نەدەبینی

**پرۆفیسۆر دیڤید ئیل فلیپس کە ئێستا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی بونیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئامۆژگای زانکۆی کۆلۆمبیا، یەکێکە لە دیپلۆماتە دیارەکانی ئەمریکا و پێشتر راوێژکار بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و هەروەها لەسەر رەوشی کوردستان و تورکیا و عێراق، پرۆفیسۆر فلیپس چەند جاری دیکەش دیمانەی لەگەڵ گوڵان کردووە و هەموو کات لەسەر پرسە گەرمەکان وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە، بەڵام ئەمجارە لە میانەی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و لە هەولێری پایتەخت گوڵان میوانداریی پرۆفیسۆر فلیپسی کرد و لە دانیشتنێکی کراوەدا چەندین پرسمان لەگەڵ تاوتوێ کرد و ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس.**



**ناکرێت بۆ هەتا هەتایە دۆخی کەرکوک پشتگوێ بخرێت و لەبیر بکرێت. ئەگەر عەرەبەکانی کەرکوک نایانەوێت ببنە بەشێك لە کوردستانی عێراق، ئەوا ئەمە هەڵبژاردنە و بریاری خۆیانە و دەتوانن گفتوگۆ لەسەر دابەشکردنێکی ئاشتیانە بکەن**

**ئەگەر عێراق دابەش بێت، ئۆباڵەکە ناکەوێتە ئەستۆی کوردەکان، بنەماکانی رێککەوتنی هێلسینکی بوار بە گۆڕینی سنورەکان دەدات لە رێی رێککەوتنێکی دوولایەنەوە**

*** مەبەست لە سـەردانەکەتان چییە بۆ کوردستان و ئایا بارودۆخەکـە چۆن دەبینین، بە تایبەتی بارودۆخی کەرکوك؟**

- یەکەم سـەردانم بۆ کوردستان لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢دا بوو. ئامانجی سەردانەکەم بینینی دۆستە دێرینەکان و پێوانەکردنی ئەو بەرەوپێشـچوونەیە کە لێرە روویداوە.

*** بـە حوکمی ئـەوەی ئێوە لە ئەمریـکا چەندین سـیمینارتان لەسـەر ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق رێکخستووە و بەشداریتان کردووە لە هەندێ کۆنفرانسی پەیوەندیدار بەم ماددەیەوە، پێتانوایە هیچ ئومێدێك هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە؟**

- بەرەوپێشـچوونێکی زۆر لـە کەرکـوك روویداوە، ئەویش بەهۆی کارە باشەکانی پارێزگارەوە، «نەجمەدین کەریـم». بە راددەیەکی گـەورە خزمەتگوزاریەکان لە فراوانبووندان. و بە ئاسـتێکی گـەورە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بەرەوپێشـچوونە. ئەگەر حکومەتی عێراق پابەندە بە سەروەری یاساوە، ئەوا پێویستە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات. لە نێو عێراقیەکاندا گفتوگۆ دەربارەی دەستوور کرا و لە راپرسیەکدا پەسەند کرا. بەغدا ناتوانێت ئیلیتزاماتەکانی پشـگوێ بخات. پێویسـتە ماددەی ١٤٠ جێبەجـێ بکرێـت بۆ ئەوەی پێگـەی کەرکوك یەکلابکرێتەوە.

*** ئایـا چارەنووسـی کەرکوك چـی دەبێت ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا؟**

- ناکرێت بۆ هەتا هەتایە دۆخی کەرکوك پشـتگوێ بخرێـت و لەبیر بکرێت. ئەگـەر عەرەبەکانی کەرکوك نایانەوێت ببنە بەشێك لە کوردستانی عێراق، ئەوا ئەمە هەڵبژاردن- و بریـاری- خۆیانە. کەرکوکیەکان دەتوانن گفتوگۆ لەبارەی دابەشـبوونێکی ئاشـتیانەوە بکەن، ئەوکاتە شـاری کەرکوك و زۆرێـك لە پارێزگاکە دەبنە بەشێك لە کوردستانی عێراق.

*** لە کاتێکدا عێراق بە بارودۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت و بەم دواییە سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغـدای کرد و چاوی بە سـەرۆك وەزیـران مالیکی کەوت، چۆن لەم سـەردانە دەڕوانیت بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلانە؟**

- ئەمە یەکەم جار نییە بەغدا و حکومەتی هەرێم بگەنە رێککەوتنێك لەبـارەی وردەکارییەکانی هاوکاریکردنەوە. ئەگەر عێراق دابەش بێت، ئۆباڵەکە ناکەوێتە ئەسـتۆی کوردەکان.

*** بـەڵام کوردەکان جگە لـە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا رێگاچارەیەکی دیکەیان نییە؟**

- کورد شەراکەتی ستراتیجیان هەیە لەگەڵ بەغدا، و ئەنقەرە و تەهراندا. هەروەها ئەوان پەرە بە ئابووری مەحەلی خۆیـان دەدەن. ئێمە هەمومان خوازیاری سـەرکەوتنی عێراقین وەك دەوڵەتێکـی فیدراڵی و تەعەدودی و فرە ئیتنی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاگری شەڕی ناوخۆیی نێوان شیعە و سوننە توندتر دەبێتەوە. بۆچی کورد ببێتە بەشێك لە دەوڵەتێکی شکسـتخواردوو؟ بۆچی ببێتە هاووڵاتی وڵاتێك کە ئەوەندە شەڕ و توندوتیژی تێدا بێت؟

*** حاڵی حازر کوردسـتان بۆتە بەشێك لە بارودۆخی پشێوی عێراق. ئامانجی ئێمە پاراستنی سەقامگیرییە، چـۆن دەتوانین لە رێـی گفتوگۆوە سـەقامگیری کوردستان بپارێزین؟**

- بنەماکانی هێلسینکی کە «Helsinki final act»١٩٨٥دا هاتـوون بوار بە گۆڕینی سـنورەکان دەدات لە رێی رێککەوتنێکی دوو لایەنەوە. ئەگەر کورد و عەرەبـەکان بڕیار بدەن چیتر نایانەوێت پێکەوەبژین لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، ئـەوا مافی ئەوەیان هەیە گفتوگۆ لەسەر جیابوونەوەیەکی ئاشتیانە بکەن.

*** ئایا پێتوایە ئەمریکا رێگا بەمە دەدات لە کاتێکدا لە خەمی هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەییە؟**

- ئەمریکا خوازیارە عێراق لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێسـتایدا وەك دەوڵەتێك بمێنێتەوە. بەغدا لە پێشەوەی سیاسـەتەکانیدایە. پێموانییە ئەمە باشترین رێگاچارە بێت. ئەمریکا تەنیا یەك دۆستی هەیە لە عێراقدا - کە کوردی عێراقن.

*** ئایا تێڕوانینی تورکیا چیە؟**

- تورکیـا درکی بـەو دەسـتکەوتە ئابـووری و ئەمنیانە کردووە کە لە هاوکاریکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتاندا «KRG» بەدەسـتی دەهێنێت. ئەگەر کوردسـتانی عێراق لە عێراق جیابێتەوە، ئەوا پێویستە ئەو جیابوونەوەیە بە رێککەوتن بێت لەگەڵ تورکیا و بە پارێزگاری تورکیا بێت. بوونی دراوسێیەکی سەقامگیر و ئاشـتی و گەشەکردوو کە ئەمنیەتی وزەی بۆ دابین بکات، لە بەرژەوەندی تورکیادایە.

*** بەڵام ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیی راسـتەوخۆمان هەبێـت لەگەڵ واشـنتۆن، ئایا ئەمە خەونـە و ئایا دێتەدی؟**

- کاتێك بـۆ یەکەمجار لە سـاڵی ١٩٩٢دا هاتمە کوردستان، لە بینایەکدا خەوتم کە مووشەکی بەرکەوتبوو. سـەقفەکەی و یەکێك لـە دیوارەکانـی رووخابوو. نە گەرمی و نە ئاو و نە کارەبا هەبوو. ئێستا لە بارودۆخی کوردسـتانی عێراق بڕوانە. بە تێپەڕبوونی کات هەل و مەرجەکە دەگۆڕێت.

*** گەورە کۆمپانیای ئەمریکا لە کوردستاندا کار دەکەن، وەك ئیکسۆن مۆبێل و هی دیکە، ئایا ئەمە چی دەگەیەنێت بۆ کوردستان؟**

- کوردستان بە رووی بزنسدا کراوەیە. وەك ئەوەی پێویستە، کۆمپانیا ئەمریکییەکان دیانەوێت پشکیان هەبێت لەم هەرێمە گەشەکردووەدا.

*** ئایا لەسەر ئاستی سیاسی هەمان ئاستی بایەخپێدان دەبینیت لە ئەمریکادا؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان ئەمریکا و کوردستان، پێویستە ئەمریکا کاری زیاتر بکات بۆ یارمەتیدانی کوردستانی عێراق. لە ساڵی ١٩٩١دا ئەمریکا لەگەڵ تورکیادا کاری کرد بۆ هاوکاریکردنی لە کێشەی ئاوارەکاندا. لە رێی پرۆسەی چاودێریکردنی باکوورەوە بۆ ماوەی ١١ ساڵ لە ١٩٩٢ەوە بۆ ٢٠٠٣، ناوچەی دژە فرینی سەپاند. لە نزیکەوە کاری لەگەڵ پێشمەرگە کرد بۆ رزگارکردنی عێراق لە دەستی سەددام حوسێن. نەدەبوو ئەمریکا دەست لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە رێککەوتنی باری هێزەکان لەگەڵ بەغدا هەڵگرێت، و دەست لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا هەڵبگرێت. بۆ ئەوەی بەرەوپێشبچێت، پێویستە ئەمریکا درك بە پەیوەندییە مێژووییەکانی بکات لەگەڵ کوردی عێراقدا، و ئەو پەیوەندیانە بپارێزێت.

*** سەقامگیری لە عێراقدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات. ئیدارەی ئۆباما پتر بایەخ بە واقیعەکە دەدات، نەك بە دیموکراسی لە عێراقدا؟**

- ئیدارەی ئۆباما پابەندە بە عێراقێکی فیدراڵی و خاوەن سەروەری، پابەندە بە کۆماری دیموکراتی عێراقەوە. هەروەها بە هەمان شێوە بە هەرێمی کوردستانەوە «KRG». لەگەڵ ئەوەشدا، واشنتۆن نیگەرانە لە ئاشتەوایی تورکیا لەگەڵ کوردستانی عێراقدا، چونکە ترسی هەیە ئەمە هەرێمی کوردستان هان بدات بۆ ئەوەی لە بەغدا دووربکەوێتەوە. مەرج نییە ئەم دوو لایەنە لەسەر حسابی یەکتر بن- واتە مەرج نییە نزیکبوونەوەی لە تورکیا لەسەر حسابی دوورکەوتنەوە بێت لە بەغدا-. چونکە مومکینە هەردووکیان بەدەست بهێنێت- نزیکبوونەوە لە هەردوولا-. دەکرێت تورکیا و هەرێمی کوردستان هاوکاری یەکتر بکەن و ببنە شەریك. عێراق دەتوانێت وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بەردەوام بێت ئەگەر دەستوور جێبەجێ بکات. مالیکی سەرقاڵی وێرانکردنی عێراقە.

*** ئێوە ئاگاتان لە بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە، پارتی و یەکێتی پابەندن بە رێککەوتنە ستراتیجییەکەیانەوە. بە بۆچوونی ئێوە، تا چ رادەیەك پابەندبوون بەم رێککەوتنەوە گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان؟**

- پێویستە کوردی عێراق یەکریز بن و لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی هاوبەش خزمەتی هەرێمی کوردستان بکەن. لە ساڵانی رابردودا بەم شێوەیە کارکراوە و پێویستە لەسەر ئەم رەوتی کارکردنە بەردەوامبن.

*** دەتوانین بڵێین پارتی و یەکێتی توانیویانە مۆدێلێك بۆ بنیاتنانی نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیات بنێن؟**

- ئاستی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا زۆر زیاترە لە هەر وڵاتێکی عەرەبی ناوچەکە. تەنیا بڕواننە ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کە ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ وێرانی کردوون. بە بەراورد بە دەوڵەتە دراوسێکان، کوردستانی عێراق مۆدێلێکە بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی.

*** ئایا تورکیا چ دەگەیەنێت بۆ هەرێمی کوردستان؟**

- تورکیا و هەرێمی کوردستان «KRG» شەریکی ستراتیژین. ئەوان دۆستن، و بەرژەوەندیی ئەمنی و ئابووری هاوبەشیان هەیە.

*** شەراکەتی ستراتیجی مانایەکی زۆری هەیە، ئایا ئەو شەراکەتە تەنیا لە بواری ئابوورییدایە یان ئابووری سیاسەت؟**

- لە هەردوو بوارەکەدایە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی کوردستانی عێراق پرۆ- رۆژئاواییە. دەروازەی گەیشتنی بە رۆژئاوا تورکیایە. کوردی عێراق و تورکیا بەها و ئامانجی هاوبەشیان هەیە. جگە لە کەرتی وزە، دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە بوارەکانی دیکەدا هاوکاری یەکتر بکەن، وەك بواری پەروەردە.

*** لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان نەوت لە رێی تورکیاوە هەناردە دەکات، ئەوا حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا بەرهەڵستی ئەم کارە دەکات. ئایا کوردستان دەتوانێت تاکلایەنە ئەم کارە بکات؟**

- هەرێمی کوردستان «KRG» هەموو مافێکی هەیە بۆ ئەوەی پەرە بە سەرچاوەی نوێی وزە بدات و هەناردەیان بکات بۆ بازاڕەکان. بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەو کێڵگە نەوتیانەدا دەکرێت کە پێش پەسەندکردنی دەستوور بوونیان هەبووە. کە — ئەم کێڵگانە- بە سامانێکی نیشتمانی دادەنرێن، نەك بە سامانی کوردستانی عێراق. هەرێمی کوردستان «KRG» مامەڵەیەکی زۆر هاوسەنگ و بنیاتنەر دەکات لە پەیوەندیدا بە پرسی پەرەپێدانی وزەوە.

**پێویستە کوردی عێراق یەکریز بن و لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی هاوبەش خزمەتی هەرێمی کوردستان بکەن. لە ساڵانی رابردودا بەم شێوەیە کارکراوە و پێویستە لەسەر ئەم رەوتی کارکردنە بەردەوامبن**

**هەرێمی کوردستان «KRG» هەموو مافێکی هەیە بۆ ئەوەی پەرە بە سەرچاوەی نوێی وزە بدات و هەناردەیان بکات بۆ بازاڕەکان، لەمەشدا « KRG مامەڵەیەکی زۆر هاوسەنگ و بنیاتنەر لەگەڵ پرسی پەرەپێدانی وزە دەکات**



**تورکیا ناتوانێت کێشەی کوردی وڵاتەکەی چارەسەر بکات ئەگەر گفتوگۆ لەسەر وردەکاریەکانی ئاشتیەکی درێژخایەن لەگەڵ پەکەکەدا نەکات**

*** ئایا بەرەوپێشچوونی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان «KRG» بۆتەهۆی بەرەوپێشچوونی ئاشتی لە ناوچەکەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتۆتەوە. بڕوانە پرۆسەی ئاشتی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا. هەرێمی کوردستان «KRG» هاوکار بووە لە بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیە.

*** کاتێك هەفتەی رابردوو لە هەولێر، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ حوسەین چەلیك، جێگری ئەردۆغاندا کرد، پێیوابوو کێشەی پەکەکە کێشەی تیرۆرە نەك کێشەی کورد، ئێوە چۆن لە کێشەی پەکەکە لە تورکیا دەڕوانن؟**

- پەکەکە لە بری ٢٠ ملیۆن کوردی تورکیا خەباتی لە پێناوی مافە دیموکراتی و کەلتوریەکاندا کردووە. ئێستا هەل و مەرجەکە گۆڕاوە. ئەنقەرە پەکەکەی کردووە بە شەریکی ئاشتی و راستەوخۆ لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلاندا گفتوگۆ دەکات. لە قۆناغێکی ستراتیجی پرۆسەی ئاشتیدا، پێویستە بە بەرێککەوتن لەگەڵ ئەنقەرەدا، پەکەکە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستیە دەرەکییەکانی ئەمریکا دەربهێنرێت. دەرهێنانی پەکەکە لەم لیستە دەرگا بە رووی پەیوەندیکردن لەگەڵ پەیەدا دەکاتەوە، کە ئەمەش موعارەزەی سوری بەهێز دەکات.

*** بەڵام هێشتا ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاش پەکەکەیان لە لیستی تیرۆر دەرنەهێناوە؟**

- ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا شوێن پێی تورکیا هەڵدەگرن. تورکیا ناتوانێت کێشەی کوردی وڵاتەکەی چارەسەر بکات ئەگەر گفتوگۆ لەسەر وردەکاریەکانی ئاشتییەکی درێژخایەن لەگەڵ پەکەکەدا نەکات. بەشێکی ئەو گفتوگۆیانە لابردنی پەکەکەیە لە لیستی تیرۆر.

*** ئێمە لە خەڵکانی نزیك لە ئەردۆغان گوێمان لێبووە کە ئەوان شەریك قبوڵ ناکەن. پێیانوایە ئەمە مەسەلەیەکی دەستووریە و پێویست بە بوونی شەریك ناکات؟**

- ئەنقەرە ناتوانێت تاکلایەنە ئاشتی بێنێتەدی. چەندەها کێشەی سەخت لەسەر مێزی گفتوگۆ هەن: چەکداماڵین، هەڵوەشاندنەوەی- رێکخراوەکە- دووبارە ئاوێتەکردنەوەی ئەندامەکانی، رێوشوێنەکانی لێخۆشبوون، و دادپەروەری و بەرپرسیارێتی. حکومەتی تورکیا ناتوانێت تێڕوانینەکانی خۆی بەسەر پەکەکەو پشتیوانەکانیدا بسەپێنێت.



*** کێ شەریکی ئاشتییە؟**

- هاکان فیدان، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت)، لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئۆجەلاندا. ئەو لەبری سەرۆك وەزیران، ئەرۆدغان کار دەکات. ئەردۆغان و ئۆجەلان شەریکی ئاشتین.

*** ئایا ئۆجەلان دەتوانێت لە زیندانەوە ببێتە شەریکی ئاشتی؟**

- بارودۆخی زیندانەکەی ئۆجەلان لە ماوەی ئەم گفتوگۆ سیاسیانەدا دەگۆڕێت.

*** بەڵام پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە، ئایا پێویست ناکات پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت و ئۆجەلان ئازاد بکرێت؟**

- لە ماوەی گفتوگۆ سیاسییەکەدا پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەردەکرێت و چارەسەری بارودۆخی ئۆجەلانیش دەکرێت. پێموانیە ئەنقەرە هەر لە سەرەتاوە دەستکەوتی پرۆسەکە بچنێتەوە. بەڵکو چاوەڕێ دەکەن و دەیکەنە خەڵاتی بەرەوپێشچوون.

*** لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانی گەورەمان بینی لە ئایدا و بۆچوونی ئاك پارتیدا. تا چ رادەیەك پێت وایە عەقڵیەتی خۆیان دەگۆڕن بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد؟**

- تا ئێستا ئەوان بەرەوپێشچوونێکی زۆریان بەدی هێناوە. بەڵام دەبێت رێککەوتنێکی ئاشتی تەواو و کۆتایی بێتەدی، ئەگەرنا ناکۆکی توندوتیژ سەرهەڵدەداتەوە و کوشندەتریش دەبێت.

*** تا چ رادەیەك هەرێمی کوردستان «KRG» دەتوانێت پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی ستراتیجی، بە تایبەتی رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی و سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی؟**

- بێ بەشداری بنیاتنەرانەی ئەوان، ئێمە نەدەگەیشتینە ئەم قۆناغەی ئێستا. من گومان نییە لەوەی بەردەوام دەبن لەسەر ئامۆژگاریکردنی هەردوولا بۆ ئەوەی پەرە بە ئامانجی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیریەکی ئیقلیمی بدەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- زۆر خۆشحاڵم بە سەردانم بۆ کوردستان، و ببینینی دۆستە دێرینەکان و بینینی بەرەوپێشچوونێکی گەورە. زیاتر لە دوو دەیە پێش ئێستا سەردانی کوردستانم کرد. ئەو کاتە ناوچەیەك بوو شەڕ کاولکاری بەسەردا هێنابوو، ئێستا ناوچەیەکی گەشەکردووە.


**زیاتر لە دوو دەیە پێش ئێستا سەردانی کوردستانم کرد ئەو کاتە ناوچەیەک بوو شەڕ کاولکاری بەسەردا هێنابوو، ئێستا ناوچەیەکی گەشەکردووە**

# کوردو کرایسکی لە کتێبێکدا



د. شێرزاد نەجارِ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی




((کرایسی جەختی کردۆتەوە لەسەر داکۆکیکردنی گەلانی ژێردەست بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، کرایسکی داکۆکیکار بووە لەم ئاراستە فیکرییە سیاسییە تا دوای ئەوەی دەستی لە پۆستەکەشی کێشاوەتەوە، لە ماوەی حوکمیدا پێشوازی لە زۆربەی سەرکردە سیاسیەکانی کورد کردووە لە پێش هەمووان پێشوازی گەرمی لە سەرۆک مسعود بارزانی کردووە هەر لە هەشتایەکانی سەدەی پێشووەوە چەندین سەرنج و تێڕوانینیان ئاڵوگۆڕ کردووە سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەری دۆزی کورد و هەمیشە کرایسکی بە روونی دەیوت: مافی کوردە مافی چارەی خۆنووسین پیادە بکەن)) ..

(ولفگانگ پیتریش) لە دوایەمین کتێبیدا کە ئەمساڵ بە چاپ گەیاندراوە، باس لە بیروڕاو هەڵوێستەکانی دەوڵەتمەدارێکی نەمساویی وەك(برونو کرایسکی) دەکات، کە بە ئاشکرا لە کاروانی بونیادنانی دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکراتیدا شوێن پەنجەی دیارە، پاش ئەوەی نەمسا لە ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ دوا بە دوای ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی داروپەردووی بەسەریەکدا خاپوور کرابوو..

پیتریشی دانەری ئەم کتێبەکە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٨٣ هاوکاری کرایسکی بووەو بەم شێوازە باس لە کارکردنەکەی خۆی دەکات لەگەڵ ویدا((لە خزمەتی ئەو راوێژکارەدا بووم لە پاش ئەو شرۆڤانەی سەبارەت بە قەیرانی نەمساویی ـ یوگوسلافی ساڵی ١٩٧٦ ڕوویاندابوو، شتێکم لە بارەیانەوە نووسی بوو، ئینجا کرایسکی بێ ئەوەی پێشوەخت منی ناسیبێت بە هۆی وردبینیمەوە لە لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکانمدا هەڵیبژاردم.

١

کرایسکی دەوڵەتمەدارێکی جێی تێڕامانە، بڕوای تەواوی بە ڕێبازەکانی سۆسیال دیموکراتی هەبوون لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٣سەرکەوتووانە نەمسای بەڕێوەدەبردو شوێن پەنجەی دیاریی لە سیاسەتی نەمساوی و سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەوروپایی بە جێهێشت، بەوە ناسرا بوو کە هاوسەنگێتی لە نێوان ڕووداوە سیاسیەکان لە لایەك و فکرو ڕەفتاری سیاسی لە لایەکەی ترەوە گونجاندبێت..

٢

کرایسکی سەردەمی منداڵێتی خۆی لەیاد بووە کاتێك فرانتز جۆزیفی قەیسەر ساڵی ١٩١٦ لە پاش ئەوەی ماوەی ٦٨ ساڵ ئیمپراتۆری نەمساو مەجەڕ بووە وەفاتی کردووە قوتابیان بۆ دوا ماڵئاوایی لێ کردنی لە ڕۆژێکی تەڕو تووشی و سەرمادا هاتونەتە دەرەوەو جیهان هەمووی بۆی ڕەشپۆش بووە..

کرایسکی وەك منداڵێکی ئەو وەختە، نەبوونی و هەژارێتی سەر شەقامەکانی ڤێنای بە چاوی خۆی لە سەردەمانی جەنگی یەکەمی جیهانی چاو پێکەوتووە، لەو بارەیەوە وتویەتی جەنگ زوو پیری کردین، ڤێنا پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی ٣٥ ملیۆنی بوو بە هۆی جەنگەکانەوە بوو بە دەڤەرێکی فەرامۆشکراوی هەژارنشین بە تایبەتی پاش ئەو شەپۆلە پەتا ئەنفلۆنزایەی کە ساڵی ١٩١٨ ڕۆحی لەبەری دەیان هەزار نەمساویی نەهێشت، پاش ئەوەش کە چیکۆسلۆڤاکیا خەڵووزی بەردینی لێ بڕی هەزاران هاووڵاتی تر لە سەرمادا ڕەق بوونەوەو بە هەزارانی تر لە برسانا مردن..

لە بارودۆخە تراژیدیکیەدا کرایسکی هەردەم دەیپرسی هۆکاری چییە هەندێك لە ژیانێکی خۆشگوزەران دەنۆشن و کەسانێکیش نغرۆی کوێرەوەرین.

ئەم پرسگەل و تەحەدیاتانە کرایسکی وەك چالاکوانێك راکێشایە ناو کاری سیاسیەوە، یەکێك بوو لەو خۆپیشاندەرە تووڕانەی لەبەردەم کۆشکی دادی ڤێنا ساڵی ١٩٢٧ ڕووبەڕووی ڕێژنەی گوللەو بینینی تەرمی خۆپیشاندەران بووەوە، لە دەرئەنجامی ئەو ڕووداوانەوە کرایسکی پێوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیزمی لاوانی زەحمەتکێشی سەر بە حزبی سۆسیالیستی نەمساویەوە کرد..

کاتێ بیرمەندی سۆسیالیزمی ناسراوی وەك ڕۆتۆ باوری چاو پێکەوت باسی لە ئارەزووەکانی خۆی بۆی کردووە سەبارەت بە خوێندنی لە بواری پزیشکیدا، بەڵام باور پێی راگەیاندووە کە بەشێکی ئەندامانی حزب پزیشك بوون و ناچاربوون کاری پزیشکی نەکەن، بۆیە لە بەر خاتری حزب داوای لە کرایسکی کردبوو ببێتە یاساناس، باور بە کرایسکی وتبوو ((تۆ بە هێمنی گفتوگۆ دەکەیت ئەوانی تر بە باشی لێت حاڵی دەبن)) بۆیە کرایسکی لە ساڵی ١٩٢٩دەستی دایە خوێندنی بواری یاسا لە زانکۆی ڤێنادا تا لە ساڵی ١٩٣٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسادا وەرگرت و خۆی بە چالاکی حزبیەوە سەرقاڵ کردوو وەك چەپێکی سۆسیال دیموکرات خۆی ناساند، چەندین جار دوچاری گرتن و زیندانیکردن بوەوە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی فاشیی نەمساویدا، ئەو کاتەی نەمسا لکێنرا بە ئەڵمانیای نازییەوە ئیتر ئەم هەڵهات و لە سوید گیرسایەوەو مافی پەناهەندەیی پێدرا، ماوەی ژیانی لە سوید باشترین دەرفەت بوو بۆی تا بینای فیکری خۆی پەرەپێبدات چونکە سیستمی سویدی بۆ ئەو بریتی بوو لە دیموکراتیەتێکی کاراو ئەکتیڤ کە هاوشێوەی لە نەمسادا نەبوو، مۆدێلی سۆسیال دیموکراتی سویدی کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەفتارە سیاسیەکانی کرایسکی دانا، جەختی لەوە کردەوە دیموکراتیەتی کاراو بزووتنەوەی ریفۆرمخوازیی لە سوید دەکرێ ببێتە بناغەیەکی تۆکمە بۆ بەرنامەی سیاسەتی نەمساو ریفۆرمەکان دەتوانن جۆرایەتی لە

**مۆدێلی سۆسیال دیموکراتی سویدی کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەفتارە سیاسیەکانی کرایسکی دانا، جەختی لەوە کردەوە دیموکراتیەتی کاراو بزووتنەوەی ریفۆرمخوازیی لە سوید دەکرێ ببێتە بناغەیەکی تۆکمە بۆ بەرنامەی سیاسەتی نەمسا**

**هەردەم دەپرسی هۆکاری چیبە هەندێک لە ژیانێکی خۆشگوزەران دەنۆشن و کەسانێکیش نغرۆی کوێرەوەرین، ئەم پرسگەل و تەحەدیاتانە، وەک چالاکوانێک کرایسکی راکێشایە ناو کاری سیاسیەوە**

**کرایسکی بڕوای تەواوی بە سەقامگیری ئاسایش و ئاشتەوایی جیهانی هەبوو، لە پێناوی ئەو ئاراستە فکریەدا بە بەردەوامی تێدەکۆشا، لەبەرئەوەش پێوەندی تۆکمەی لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردا هەبوو**

کۆمەڵگەدا بگۆڕن، سوید وانەیەکی گرنگ بوو کە تێیدا سەرنجی لە مەیل و دەرکەوتنی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی دا کە چۆن بەرەو نیشتمانپەروەری تازە کرێکارانی سەرسام کردبوو، بیری لە چاندنی ئەو مەیلە کردەوە تا لە ناو زەمینەی نەمسادا بیرووێنێت..

٣

کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ٨ی مارسی ساڵی ١٩٤٥ بە نیسبەت کرایسکیەوە چرکەساتێکی مەزن بوو بۆ وەرچەرخان بەرەو دروست بوونی نەمسایەکی نوێ، لە دەسپێکدا حکومەتێکی ئینتیقالی بە سەرۆکایەتی کارل رینەری سۆسیال دیموکراتخوازی ناسراو دامەزرێنرا، هاوپەیمانان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە پێویستە نەمسا حکومەتێکی ئەکتیڤی هەبێت بە مەرجێك پیاوێکی بەساڵداچوو سەرۆکایەتی بکات..

لە کاتی گەڕانەوەی بۆ نەمسا کرایسکی نەمسای دەچواند بە شارێکی نیوەمردوو کە لە هەوڵدایە هەستێتەوە سەرپێی خۆی، بۆیە باسی لە ئومێدەکانی حزبی سۆسیالیستی دەکرد کە لە داخوازیی کردن بۆ کشانەوەی هێزەکانی داگیرکاری نەمسا خۆی دەبینیەوە..

بەو شێوەیە کرایسکی کاروانی سیاسەتمەدارێتی خۆی لە نەمسای نوێدا کە بە کۆماری دووەم دەناسرێت دەست پێکرد تا گەیشتە سەرکردایەتیکردنی حزبی سۆسیالیستی نەمساوی و دواتر پۆستی راوێژکاریی (واتە سەرۆکی حکومەت)ی وەرگرت ماوەی ١٣ ساڵی رەبەقی بەو پۆستەوە بەسەر برد لە ماوەی سەرکردایەتیکردنی ویدا حزبی سۆسیالیستی سێجاران لەسەر یەکتر زۆرینەی رەهای بەدەست هێناو توانی بە تەنیا کابینەی حکومەت دامەزرێنێتەوە، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٩ گەیاندیە لووتکەی ژیانی سیاسەتمەداریی و رێزو شایستەبوون و لێهاتوویەکی جیهانی بۆ خۆی راکێشا..

کرایسکی بڕوای تەواوی بە سەقامگیری ئاسایش و ئاشتەوایی جیهانی هەبوو، لە پێناوی ئەو ئاراستە فکریەدا بە بەردەوامی تێدەکۆشا، لەبەرئەوەش پێوەندی تۆکمەی لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردا هەبوو، هەوڵەکانی بەردەوام بۆ ئەوە بوو کە سۆسیالیزمی رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە چارەسەری کێشەکانی جیهان و بە تایبەتیش کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، ئەم ئاراستە بیرکردنەوەیەی کاریگەری پۆزەتیڤی لێ دەکەوتەوەو پێگەی نەمسای بەرزکردەوە بە تایبەتی ڤێنا کە بارەگای زۆربەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تێدا گیرسانەوە لەوانەش: رێکخراوی وزەی ئەتۆمی، ئۆپیك، رێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازی جیهانی، ئۆنرا و تاد..لە ماوەی فەرمانڕەوایی ویدا چەندین کەسایەتی نەمساوی پۆستی باڵای جیهانییان پێدرا لەوانەش پۆستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە درایە کورت فالدهایم..


پێگەی جیۆگرافیی نەمسا ئاڵۆز بوو، چونکە ئەو وڵاتە کەوتبووە سەر هێڵی جیاکەرەوەی هەردوو سەربازگەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، زۆر زەحمەت بوو بۆ نەمسا هاوسەنگیتی نێوان ئەو دوو سەربازگەیە رابگرێت، بە تایبەتیش لە کاتی قەومانی رووداوە گەورەکانی جەمسەری سۆسیالیزمی لەوانە راپەڕینی مەجەڕ لە ساڵی ١٩٥٦ و بەهاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨ و بزاڤی هاریکاری پۆڵەندی ساڵی ١٩٨١ کرایسکی لەو ماوانەدا پشتیوانی لە بزاڤەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکردو مافی پەناهەندەیی بە چالاکوانەکانی جەمسەری خۆرهەڵات دەبەخشی تەنانەت هەڵوێستی بەرچاوی هەبوو بۆ بەخشینی مافی پەناهەندەیی بە چالاکوانەکانی وڵاتانی وەك شیلی و نیکاراگوا و خەباتگێڕانی کوردستان..

٤

لە ژێر کاریگەرێتی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کە بە هۆی رێکەوتننامەی شوومی جەزائیرەوە ساڵی ١٩٧٥ کەوتەوە، حکومەتی نەمساوی لە هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەدا بەرانبەر کورد بڕیاریدا ١٠٠ پەناهەندەی کوردی عێراق وەربگرێت و مافی پەناهەندەیی سیاسییان پێ ببەخشێت، ئەم بڕیارەش هی خودی کرایسکی بەهاوکاری هانزفیشەر کە ئێستا سەرۆك کۆماری نەمسایە لەم بارەیەوە پیتریش دەڵێت:

((ساڵی ١٩٧٥ لە پاش ئەو سەرکوتکارییەی سەدام حوسێن بەسەر راپەڕینی کوردانی کوردستانی عێراقدا هانی، نەمسا پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوو کە مافی پەناهەندەیی بە کوردی ئەو ناوچانە بەخشی کە بۆ ئۆتۆنۆمی و حوکمی زاتی خۆیان لە تێکۆشاندا بوون، یەکەمین پۆل بریتی بوو لە ١٠٠ کورد کە لە ساڵی ١٩٧٦ بە گەرمیەوە لە ڤێنا پێشوازییان لێکرا و دواتریش چەندین پۆلی تر وەرگیران(ئێستاش بە پێی ئامارەکانی زانستی و ئاڵوگۆڕی کەلتووری

کۆمەڵەی کوردی نەمساوی، لە ڤیێنا نزیکەی ١٠٠ هەزار کۆچبەری کوردی تاراوگە کە لە وەچەی دووەم و سێیەمی کۆچبەرانیشیان تێدایە لە نەمسا دەژین، لەوانە ٪٩٠ی ئەوانە بریتین لە کوردی تورکیا و ئەوانی تر کوردی عێراق و ئێران و سوریا و ٪٥٠ کوردەکانی عێراق بریتین لە کەسانی ئەکادیمی و زانستخواز..)
کرایسکی لە ڕێی پۆستەکەی خۆیەوە کە وەزیری دەرەوەی نەمسا بووە بە مەلا مستەفای بارزانی شاد بووەو هەروەها چەندین جار لەگەڵ مسعود بارزانی دانیشتووە بە تایبەتی پاش ئەوەی ساڵی ٢٠٠٥بە دیموکراتیانە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، هەروەها چاوی بە سەرۆکی عێراقی ئێستا بەڕێز جەلال تاڵەبانی کە کوردە کەوتووە، هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی سەرسامبوونی خۆیان بۆ مۆدێلی سۆسیال دیموکراتی نەمساوی دەربڕیوە، هەروەها سامی عەبدولڕەحمان کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا تیرۆر کرا لەو کاتەدا کە جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو، پێشتر لە ساڵی ١٩٨٣بە پێی مۆدێلی حزبی سۆسیال دیموکراتی نەمساوی، پارتی گەلی دیموکراتی کوردی لە کوردستان دامەزراندبوو..))
کەواتە کرایسکی بایەخی بێ هاوتاو زۆری بە دۆزی کورد داوەو بە بەشێك لە دۆزەکانی خۆرهەڵاتی ناوینی زانیوە، لە زۆربەی لێدوانەکانیدا ئاماژەی داوە بە بایەخ و گرنگی ئەم ناوچەیە بۆ مسۆگەربوونی ئارامی و پەرەپێدانی ئەوروپایی، لە پێشەکی کتێبەکەی ڕۆژنامەنووسی ناوداری نەمساوی فردیناند هینرببخللر تایبەت بە کورد کە لە ساڵی ١٩٨٨ چاپ کراوە، باس لەوە دەکرێت کە کرایسکی جەختی کردۆتەوە لەسەر داکۆکیکردنی گەلانی ژێردەست بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، کرایسکی داکۆکیکار بووە لەم ئاراستە فیکرییە سیاسییە تا دوای ئەوەی دەستی لە پۆستەکەشی کێشاوەتەوە، لە ماوەی حوکمیدا پێشوازی لە زۆربەی سەرکردە سیاسیەکانی کورد کردووە لە پێش هەموان پێشوازی گەرمی لە سەرۆك مسعود بارزانی کردووە هەر لە هەشتایەکانی سەدەی پێشووەوە چەندین سەرنج و تێڕوانینیان ئاڵوگۆڕ کردووە سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەری دۆزی کورد و هەمیشە کرایسکی بە ڕوونی دەیوت: مافی کوردە مافی چارەی خۆنووسین پیادە بکەن..




**بۆرنۆ کرایسکی ١٩١١ـ١٩٩٠، لە خانەوادەیەکی لیبرالی جوولەکە هاتۆتە دنیاوەو پێوەندی بە چەندین ڕەوتی چەپی سۆسیال دیموکراتی کردووەو تا لە سەردەمی ئۆتۆباوری تیۆریزان و سەرکردەی حزبی سۆسیالیستی نەمساویدا دەسبەرداری ئاینی جوو بووەو بووەتە کەسایەتییەکی عیلمانی و چەندین وێستگەی ژیانی لە گرتووخانەکان بەسەر بردووە بە هۆی داکۆکیکردنی لە ئاراستە فکرییەکانیەوە، پاش ئەوەی لە سوید دەگەڕێتەوە دەبێتە ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆك کۆمار و دواتر لە ساڵی ١٩٥٣ دەکرێتە بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ساڵی ١٩٥٦ وەك ئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت تا لە ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە وەزیری دەرەوەو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیەو هەروەها پێشنیازکاری پلانی مارشاڵە بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم، دواتر لە ساڵی ١٩٦٧ وەك سەرۆکی حزبی سۆسیالیستی هەڵدەبژێردرێت تا لە دواییدا دەبێتە سەرۆك وەزیرانی وڵات تا لە ساڵی ١٩٨٣ دەست لە کار دەکێشێتەوە و لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی دەکات، پاش ئەوەی کرایسکی واز دێنێت سەبارەت بە پیتریش دواتر دەبێتە نێردەری تایبەتی یەکێتی ئەوروپا لە کۆسۆڤۆ هەروەها باڵیۆزی نەمسا لە یوگوسلاڤیا دواجار خەڵاتی پارێزەری مافەکانی مرۆڤی لە زانکۆی هارفارد پێ دەبەخشن.**






# فراوانبوونی خێرای هەولێر و گۆڕانکاری لە داواکاریی خەڵک

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ ( گوڵان):

## هەولێر بە ئاستیک فراوان بووە قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری دەبنە چەند گەڕەکێکی ئەم شارە







**هەولێر بەرەو ئەوە دەچێت ٢٤ کاتژمێر جووڵەی تێدا بەردەوام بێت**

**پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە بۆ قەزای مەخموور دروست دەکرێت**

شاری هەولێر زۆر خێرا فراوان دەبێت بەرادەیەك فراوانبوونەکە لەبەرنامەی کارو پرۆژەکان خێراترە، لەلایەك گەڕەکە میللی و کۆنەکان پێویستیان بەخزمەتگوزاریی نوێ هەیە لەلایەکی دیکەوە پانتایی شوێنەکانی نیشتەجێبوون زیادیکردووەو سەنتەری هەولێریی گرێداوە بەقەزاو ناحیەکانی دەوروبەرەوە وەکو بنەسڵاوەو دارەتوو و کەسنەزان و شاوێس و بەحرکە. ئەم فراوانبوونە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی هەولێر وەکو پێگەیەکی ئابووری و بازرگانی گرنگ لەناوچەکەدا، هەربۆیە شاری هەولێر شایستەی خزمەتگوزاری لەمەی ئێستا زیاترە، چونکە داواکاریی خەڵك گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەولێرو پارێزگاکەش وادەخوازێت نەخۆشخانەی زیاترو پسپۆریی بۆ بکرێتەوە، پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئیفراز ٣ کە واپێشبینی دەکرا تاکو ١٥ ساڵی دیکە پێداویستییەکانی ئاو بۆ شارەکەو دەوروبەری دابین بکات، کەچی ئێستا دەبێت پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئیفرازی چوار جێبەجێ بکرێت. لەبواری شەقام و ڕێگاوبانەکانیشدا قەرەباڵغییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هەولێر پێویستی بەڕێگاو شەقامی نوێ و پرد هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەم پایتەختەی کە بڕیارە لەساڵی ٢٠١٤ خۆی بۆ پایتەختی گەشتیاری ئامادە بکات لە ڕۆژانی هەینیدا چێشتخانەو بازاڕەکانی دادەخرێن. پارێزگاریکردن لەخەڵاتی حوکمڕانی باش کە لەلایەن ئامۆژگای سەرکردە جیهانییەکان لەساڵی ٢٠١٠ لە ئەمەریکا بەپارێزگاری هەولێر درا کارێکی ئاسان نییەو پێویستی بەدابینکردنی پرۆژەی نوێ و هەڵگرتنی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە هەیە کە لەبەردەم جێبەجێکردنی پەرەپێدانی بەردەوامدایە، گۆڕانکاری لەسێکتەرەکان و بژێوی ژیانی خەڵکی لەم شارەدا پێداویستی دیکەو گۆڕانکاری نەوعی پێویستە، تاوەکو بتوانرێت ئاستی خزمەتگوزارییەکان لەم قۆناغە بچێتە قۆناغێکی دیکەی باشترو ژێرخان بەهەموو سێکتەرەکان بونیات بنرێتەوە.

سەبارەت بەفراوانبوونی خێرای هەولێرو پارێزگاکەو زاڵبوون بەسەر گرفت و ئاستەنگەکاندا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری (گوڵان)ی دایەوە، هەروەها باسی لەبوارەکانی تەندروستی و نیشتەجێبوون و پاکوخاوێنکردنەوەو پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو ڕێگاوبانەکان و چەند تەوەرەیەکی دیکە کرد کە لەپوختەی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.

**فراوانبوونەکەی هەولێر لەبەرنامەو پرۆژەکان خێراترە**

سەبارەت بەو پرۆژەو کارانەی کە ئێستا لەهەولێرو پارێزگاکە لەبواری جێبەجێکردندان تا چەند دەتوانرێت لەئاست خواست و پێداویستیەکانی خەڵکدا بن، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتی: (( هەولێر قۆناغ بەقۆناغ لەسەرجەم سێکتەرەکان پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە، تەنانەت وەکو پێگەیەکی بەهێز لەعێراق و ناوچەکەدا دەرکەوتووەو بەسەدان کۆمپانیای جیهانی ئۆفیسیان لەم شارەدا هەیە، ئەمڕۆ کوردستان و هەولێر کەوتۆتە سەر نەخشەی جیهانی پێترۆڵ، ئەمانەش هەمووی هاوکاتن لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی خواست و داواکارییەکان. کاتێك هەولێر بەشێوەیەك فراوان دەبێت و سنووری شارەوانییەکەی لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی دەوروبەریدا دەبێتە یەك بەرادەیەك لەگەڵ تەواوبوونی تونێلی ڕێگای هەولێر – سەلاحەدین بۆی هەیە قەزای شەقڵاوە ببێتە گەڕەکێکی باکووری ئەم شارە بەهاوشێوەی گەڕەکەکانی باکووری تاران. ئەم واقیعە پرۆژەو کاری نوێی



لێمان دەوێت لەسەرجەم سێکتەرەکان لەم رووەوە لە ٩ ساڵی رابردوودا لەژێرخانی هەولێر زیاتر لە ٧ ملیار دۆلار خەرج کراوە، کەرتەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە گۆڕانکاریی باشیان بەخۆوە بینیوە، بەڵام پێشکەوتن و فراوانبوونەکەی هەولێر خێراترە، بۆنموونە ئێستا خاوەنی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەباین و وێستگەیەکی دیکەی ٣٠٠٠ مێگاواتیش لەخورمەڵە وا خەریکە تەواو دەبێت و بەمنزیکانە ٦٠٠ مێگاوات کارەبای لێ بەرهەم دێت بەڵام لەبواری دابەشکردنی کارەباو دروستکردنی وێستگەکانی گۆڕین کاری زیاترمان دەوێت تاوەکو پاڵەپەستۆی سەر تۆڕەکانی کارەبا کەم بکەینەوە، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە گۆڕانکاری نەوعی لەژیان و گوزەرانی خەڵکی و ئەو فراوانبوونە خێراییەی هەولێر کاری زیاترو پرۆژەی گەورەتری دەوێت لەمبارەیەشەوە هەنگاوی جدیی و گرنگ نراوەو پرۆژەیەکی یەکجار زۆرمان بۆ شاری هەولێرو پارێزگاکە لەپلاندایەو دەستمان پێکردووە. هەروەها لەپارێزگا لیژنەی فرە ئیداریمان پێك هێناوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و خێرا ئەنجامدانی پرۆژەکان.

### ٢٠١٤ و هەنگاونان بەرەو پایتەختی گەشتیاری

سەبارەت بەوەی هەولێر لەساڵی ٢٠١٤ خۆی بۆ پایتەختی گەشتیاریی ئامادە دەکات، ئەمە لەکاتێکدا رۆژانی هەینی زۆربەی بازاڕ و دوکان و سۆپەرمارکێت و چێشتخانەکان دادەخرێن، ؛ پارێزگاری هەولێر ئەم دۆخەی بۆ کلتوورێکی کۆنی شارەکە گەڕاندەوە تەنانەت پێی وابوو پێشتر بازاڕی شەوانە نەبوو، هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەم بارودۆخە لەگۆڕانکاریی بەردەوامدایە ئەوەتا ئێستا تا درەنگانێکی شەو بازاڕ هەیەو بازاڕی ئیسکان و عەنکاوەو چێشتخانەو میوانخانەکانیش بەهەمان شێوە، هەولێر بەرەو ئەوە دەچێت ٢٤ کاتژمێر جووڵەی بەردەوام بێت.

### خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکە میللی و کۆنەکان

تەرخانکردنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانە ؛ واتا ئەو گەڕەکە میللی و هەژارنشینانەی کە لەشاری هەولێر ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە پێویستە کارو پرۆژەی زیاتریان بۆ دروست بکرێت؛ لەم رووەوە پارێزگاری هەولێر وتی:( تەرکیزمان کردۆتە سەر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ گەڕەکە میللی و کۆنەکانی هەولێر، سەیداوەو تەیراوەو سێتاقان هەموو خزمەتگوزارییەکانمان بۆ نۆژەنکردوونەتەوە، بەبەردەوامیش ئاگاداری داواکاری و گرفتەکانیانم بەپێی تواناو بودجەی بەردەستم درێخی ناکەم لەخزمەتکردنی هاووڵاتیان لەم گەڕەکانە، بەڵام فراوانبوونەکە زۆر خێرایە؛ بۆ نموونە لەگوندی توورەق پێشتر ٢٠ ماڵی لەخۆ گرتبوو ئێستا ٣٠٠٠ خانووی تێدایە لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتگوزاریی بۆ جێبەجێ کراوە)).

### جێبەجێکردنی پرۆژەی ئیفراز ٤

کاتێك پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئیفراز ٣ جێبەجێ کرا پێشبینی ئەو فراوانبوونە خێراییەی نیشتەجێبوون لەهەولێر نەدەکرا، هەربۆیە بەوتەی پارێزگاری هەولێر هەنگاو بەرەو جێبەجێکردنی پرۆژەی ئیفراز ٤ نرا کە تێچوونی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارەو لەکاتژمێرێکدا ٢٥ هەزار مەتر سێجا ئاو دابین دەکات. تەنانەت لەگەڵ تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە چاوەڕوان دەکرێت هەموو بیرەکانی ئاوی خواردنەوە لەناو شاری هەولێرو دەوروبەری دابخرێت، هەر سەبارەت بە گرفتی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لەقەزاو ناحیەکان

**نەخۆشخانەی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە**

**مۆڵەت بەنەخۆشخانەی ئەهلی دەدەین تاوەکو خزمەتگوزاریی باش پێشکەش بەهاووڵاتیان بکەن بەپێچەوانەوە سزا دەدرێن**

**لەگەڵ تەواوبوونی تونێلی ڕێگای هەولێر – سەڵاحەدین بۆی هەیە شەقڵاوە ببێتە گەڕەکێکی باکووری شاری هەولێر**

**جموجوڵی بازرگانی لەسەر ڕێگای حاجی ئۆمەران گەیشتۆتە ١ ملیارو ٧٤٠ ملیۆن دۆلار**

**دەرگا سەرەکییەکەی قەڵا بەپشت بەستن بەچەند وێنەیەکی کۆن و قسەی بەساڵاچووانی هەولێر دروست دەکرێتەوە**

بەتایبەتی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە لەشەقڵاوەو سەڵاحەدین و سۆران و بارزان و مەخموور پارێزگاری هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند: (( لەنزیکەوە ئاگاداری گرفتی ئاوی خواردنەوەی قەزاو ناحیەکانم ئەوەتا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی شەقڵاوەو سەڵاحەدین لەژێر ئەنجامدانن و تەنانەت ئێستا کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ناوخۆی شەقڵاوەش دەکرێت، لەناحیەکانی هەریرو باسرمەو سۆران و رواندزیش پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان هەیە، بۆ سیدەکان و مێرگەسۆریش پرۆژەی ئاوی خواردنەوە کراوەو ئەمساڵیش لەدەڤەری بارزان پرۆژەیەك دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، مشوری قەزای مەخموریش دەخۆین و لەوێ پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەمان هەیە کە لەزێی گەورە ئاوی بۆ رادەکێشین)).

**لە چوارڕیانی عەنکاوەو مەخموور دوو پرد جێبەجێ دەکرێت**

سەبارەت بە شەقامە ناوخۆییەکان و ڕێگاکانیش کە گرفت و کێشەی قەرەباڵغی ئۆتۆمبێلی زۆری لەسەرە گەرچی ژمارەیەك لەپردو شەقامی سەرەکیش دروستکران کەچی هێشتا گرفتی قەرەباڵغی هەر ماوە، ئەمە جگە لەوەی ماوەیەکە باس لەدروستکردنی شەقامی ١٢٠ مەتری لەشاری هەولێر دەکرێت، لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر هەمان راوبۆچوونی هەبوو بەوەی ئەو ڕێگاوبانانەی کە هەن بۆ پێشتر باش بوونە بەڵام ئێستا مومکین نییە لەئاست قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی و هاتوچۆکردندا بن لەم رووەوە وتی: (( ساڵانە جموجوڵی بازرگانی لەسەر ڕێگای هەولێر حاجی ئۆمەران گەیشتۆتە ١ ملیارو ٧٤٠ ملیۆن دۆلار لەکاتێکدا پێش ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا چەند ملیۆن دۆلارێك بوو، واتا ئاستی ئاڵوێری بازرگانی بەرێژەی ٧٠٪ لەسەر ئەم ڕێگایە زیادیکردووە، بگرە ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەر سنووری حاجی ئۆمەران لەساڵی ٢٠١١سەردانی ئێرانیان کردبوو ٣٥٠ هەزار کەس بوو لە ٢٠١٢ بۆ ٧٤٠ هەزار کەس زیادیکرد، هەر ئەمەش بوو وایکرد قۆناغ بەقۆناغ کار بۆ دروستکردنی ڕێگای هەولێر- حاجی ئۆمەران بکرێت کە ماوەی نێوان هەولێرو ئەو خاڵە سنوورییەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کورت دەکاتەوە، ئێستا کار بۆ ڕێگای نێوان هەولێر- دهۆك و هەولێر- کۆیەو هەولێر – گوێڕیش دەکرێت. پارێزگاری هەولێر سەبارەت بە پرۆژەی ١٢٠ مەتریش لەشاری هەولێر وتی : (( شەقامی ١٢٠ مەتری بۆ هەولێر بەپرۆژەیەکی گرنگ دادەنرێت و بەچەند قۆناغێك جێبەجێی دەکرێت و قۆناغی یەکەمی لەنێوان ڕێگای کەرکوك تا موسڵ ساڵێکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەمساڵیش قۆناغی دووەمی لە ڕێگای موسڵ بۆ ڕێگای سەڵاحەدین چووە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەها لە ڕێگای ٥ کارگەی قیڕی حکومی و ٥ کارگەی قیڕی ئەهلییەوە ساڵانە ٢تا٣ ملیۆن مەتر لەناو شاری هەولێر قیرتاو دەکرێت، هەروەها چەند پردێکیش لەناوشار دروست دەکرێن لەوانە پردی چوارڕیانی عەنکاوەو مەخموور و هی دیکەش کە لەم ساڵدا دەست پێدەکرێن)).

**کەرتی تەندروستی پێویستە لەخزمەتی هاووڵاتیاندا بێت**

ئاشکرایە کەوا زامنکردنی تەندروستییەکی باش بۆ خەڵکی، کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران دروست دەکات، لەم روانگەیەوە ئەو پەرەپێدانەی کە حکومەتی هەرێم دەیەوێت هەنگاوی بۆ بنێت بێ گرنگیدان بەلایەنی مرۆیی و تەندروستی سەرکەوتوو نابێت، بۆ ئەوەی لەسیمای کۆمەڵگایەکی جیهانی سێیەمەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی جیهانی یەکەم هەنگاو بنێین زۆر گرنگە بەراشکاوانە پەنجە لەسەر کەموکورتییەکانی ئەم بوارە دابنێین و بوونی کەموکورتیش لەم بوارەدا نکۆڵی لێ ناکرێت و تەنانەت پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە مۆڵەت بەنەخۆشخانە ئەهلییەکان دەدرێت تاوەکو خزمەتی هاووڵاتیان بکەن و ڕێگاش لەقۆرخکاری لەبواری هێنانی دەرمان دەگیرێت و بگرە راشیگەیاند کەوا حکومەتی هەرێم لەسەر دۆسێی تەندروستی بەجدیی کار دەکات و لەگەڵ سەرپێچیکاران توند دەبێت. ئەمەو لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵاندا کە سەبارەت بەدروستکردنی نەخۆشخانەو کۆنترۆڵکردنی دەرمان کرا پارێزگاری هەولێر وتی: (( جگە لەنەخۆشخانە حکومییەکان ٧٨ سەنتەرو نەخۆشخانەی تایبەت بوونیان هەیە و چەندین نەخۆشخانەی ١٠٠و ٢٠٠ قەرەوێڵەیش لەژێر جێبەجێکردندان، لەپشت نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاواش دەستکراوە بەدروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی پێشکەوتوو، لەباداوەش نەخۆشخانەی منداڵبوون و لەدایکبوون دروست دەکرێت، هاوکات نەخۆشخانەی رزگاری نۆژەن دەکرێتەوەو ٣ نەخۆشخانەی تایبەتمەندیی ( شێرپەنجەو دەروونی و شەکرەو بنکەیەکی تەندروستی تالاسیما )ش دروست دەکرێت. لەبواری کۆنترۆڵکردنی دەرمان و بەدواداچوونی کەموکورتییەکانیش لە ڕێگای لێژنە تایبەتییەکانەوە لێپێچینەوە لەکەموکوڕییەکان دەکرێت و پێشبینی ئەوە دەکەین لەگەڵ زیادبوونی نەخۆشخانە ئەهلییەکان نرخ و کوالێتیەکان بچێتە قۆناغی کێبرکێوەو ئەم دوو لایەنە لەکۆتاییدا لەخزمەتی نەخۆش تەواو بێت، بەڵام پێویستە هەردوو سەندیکای پزیشکان و دەرمانسازان بەدواداچوون و چاودێریکی باشی کوالێتی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بن. لەرووی سەنتەرەکانی ئۆتیزم و کەمئەندامانیشەوە پارێزگاری هەولێر پێی وابوو کەموکورتی لەمبوارەدا بۆ نەبوونی پسپۆرایەتی دەگەڕێتەوەو بەپێی خشتەیەکی زەمەنیش وەزارەتە پەیوەندارەکان هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییە دەنێن)).



## کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك و دروستکردنی کارگەی ریسایکلین

لایەنێکی دیکە کە پەیوەندی بەتەندروستی و ژینگەوە هەیە دروستکردنی کارگەی ریسایکلین و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشـــاك و پاکوخاوێنکردنەوەی شـــارە؛ لەم رووەوە پارێـــزگاری هەولێر وتی:( شـــاری هەولێـــر کراوەتە ٦ شـــارەوانی و پاککردنـــەوەی بەســـەر ٤ کۆمپانیا دابەش بووەو بەدواداچوون لەسەر کارەکانیان دەکرێت و لە ئێستادا لەکارەکانیان رازین. بۆ خۆ رزگارکردن لەزبڵ و خاشاکەکەش کە ئەو کارو گرێبەســـتانەی لەکاتی خۆیدا کرابوو بەبێ توێژینەوە بوو لەکارەکەش دواکەوتین، ئێستا بەهەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی و خزمەتگوزاریی شارەوانی کار دەکەین و ســـەرقاڵی ئامادەکردنـــی پرۆپۆزەڵێکیـــن بـــۆ ئەوەی گرێبەستێکی بەردەوام بکەین)).


## نۆژەنکردنەوەی قەڵای دێرین

لەم رۆژانەدا دەرگای قەڵات تێکدراو باس لەوە دەکرێت بەپشت بەستن بە نەخشەو وێنە کۆنەکان و بەساڵاچوانی هەولێـــر بەدیزاینێکی نوێ دەرگاکە دروســـت دەکرێتەوە لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر وتی: ((لەگەڵ یونســـکۆ کار لەسەر قەڵات دەکەین و دەرگا سەرەکییەکەمان تێکدا و بەپشت بەستن بەچەند وێنەیەك و قسەی پیرەمێردەکانی هەولێر دەرگاکە بەدیزاینە کۆن و رەسەنەکەی خۆی دروست دەکرێتەوە. لەسەر بودجەی پەرەپێدانیش کاری جوانکاری لەسەر شـــێوازی کۆن بۆ دوکان و بازاڕەکەی دەوروبەری قەڵات دەکرێت و گەڕەکـــە کۆنەکانی تەعجیل و عەرەب و خانەقاش بەشـــوێنی نیشتەجێبوون مایەوەو لەسەر شێوەو دیزاینی کۆنی خۆی نۆژەن دەکرێنەوە)).

## ٩٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون و ٦ هەزار خانوو بەناوی کۆرییەکانەوە دروست دەکرێت

سەبارەت بەدروستکردنی شوقەو خانووی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار کە بەیەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە دروســـتکردنی یەکەکانی نیشـــتەجێبوون لە رێگای وەبەرهێنانەوە چارەسەری گرفتەکەی نەکرد، چونکە گەرچی حکومەت هەموو ئاســـانکاری و هاوکارییەکی وەبەرهێنەرەکانیشی کرد بەڵام جگە لەبواری بازرگانیکردن و بەرزکردنەوەی نرخەکەی کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ ئەم دوو توێژە نەبوو ؛ لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر پێی وابوو پرۆژەکانی نیشـــتەجێبوون رۆڵی لەکەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون هەبوو نەك چارەسەرکردنی یەکجارەکی بەڵام سوودی بۆ بەگەڕخستنی کاسبکاران و دۆزینەوەی هەلی کاری باشیش هەبوو هاوکات بەگۆڤاری گولانی راگەیاند ئێستا ٩٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی جیاجیا بۆ هەموو توێژەکان بـــە نرخی جیا، بەڵام ٦ هـــەزار خانوو بەناوی کۆرییەکانەوە بۆ کرێچییان و کەم دەرامەت دروست دەکرێت و بەنرخێکی هەرزان لەرێگای فۆرمەوە دابەش دەکرێت.

# سیاسەت و فریادڕەسە درۆزنەکانی



د. ئاراس عەبدولکەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر لەمێژووی سیاسیدا یەک (گاندی) هەبوبێت، ئەوا بەدەیان ناوی دیکە لەنێو ئەم مێژووەدا هەن کە ڕەنگە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندیان لە زەبر و زەنگدا هەبێت و خۆشیان بە جێنشین و میراتگری کاریزماکەی گاندی بناسێنن. ئەگەرچی هێشتا (ماندێلا) لەژیاندا ماوە، بەڵام کەم نین ئەو سیاسەتوانانەی بە لۆجیکی وەردیانی زیندانێکەوە سیاسەتیانکردووە و ڕەنگە کەس هێندەی ئەوان خۆی بە فریادڕەسی ئازادی نەزانێت.

لەنێو هەموو ئەو دەموچاوە (یان ڕاستتر بڵێم) ئەو دەمامکە سیاسییانەدا، ترسناکترینیان ئەوەیانە کە پێی کەمە وەک کۆپی یان جێنشینی تەنیا یەکێک لە ناوە جوانەکان بناسرێت، بەڵکو دەخوازێت لە یەک کاتدا تێکەڵەیەک بێت لە هەموویان، بۆئەمەش ئەو وێنەیەی کە گونجاوبێت بۆی وێنەی فریادڕەس یان پەیامبەری هەموو ئەو خەون و موژدە جوانانەیە کە سەرجەم ناو و هزر و کەسایەتییە کاریزماییەکانی نێو دنیای سیاسەت ژیانیان بۆ تەرخانکردبوو، هەندێکجاریش ژیانی خۆیان لەسەر داناوە.

کە وشەی (ترسناک) دەخەمە پاڵ ئەو جۆرە سیاسەتوانە، لەبەر ئەوە نییە بەدەموچاوێکەوە دەیبینین کە سیمایەکی پەیامبەرانەی هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم مەخلووقە بۆخۆی خاوەنی دەموچاوی سیاسییانەی خۆی نییە، ئەوەی هەیەتی دەمامکێکە لەسەر فۆرمی جوانی و هەیبەتی پەیامبەرێکی نوورانی دروستکراوە.

ئەگەر لە مێژووی ئیسلامدا چەند (موسەیلەمە)یەکی درۆزن هەبێت، (مێژووی ئیسلام خۆی نەک ئیسلامی سیاسی کە ئەمیش لەخانەی دنیای سیاسەتدا دادەنرێت) ئەوا مێژووی سیاسەت تەژییە لەو ناوە گەورانەی کە لە ڕووکەشدا وێنای پەیامبەری حەقیقەت و دادپەروەری و ئازادی و فریادڕەسی کۆمەڵگاکەی و بگرە سەرجەم کۆمەڵگای بەشەریشیان بە بەری خۆیاندا هەڵدرووە و لە ناخیشدا جگە لە درۆزنێکی گەورە هیچی دی نەبوون. من هەمیشە لەو باوەڕەدام کە لەنێوان میکانیزمی ئایینەکان و میکانیزمەکانی سیاسەتدا لەئیشکردنیان لەنێو گرووپی بڕوادار یان کۆمەڵگای ئایدیۆلۆجی یاخود لەنێو کۆی کۆمەڵگادا وێکچوونێکی هێند سەیر هەیە کە زۆرجار بە کردەی کۆپیبوونەوە دەچێت، بەو ئایدیایانەشەوە کە نەک هەر عەلمانی بەڵکو تەواو دژ بە ئایینیش بن. ئەمەیش بەشتێکی سەیر نابینم کاتێک (ئایدیا) چەقی ستراتیژی کارکردنی هەرکامیان بێت.

ڕەنگە بگوترێ ئەم بۆچوونە ئەگەر ڕاست بێت، تەنیا دەشێ لەدنیای ئایدیا و حزبە ئەنتەرناسیونالیست و تۆتالیتارییەکاندا شتێکی هەبێت بۆ گوتن، بەڵام ئەم بۆچوونەیش کاتێک ڕاستە کە حزبێک یان ئایدیایەک هەبێت خۆی بە نوێنەری خەونەکان و چەمکە جوانەکانی دنیای ئینسانەکان نەناسێنێت، ئەگەرچی ئایدیایەکی ناسیونالیستی پەتی و حیزبێکی زۆر لۆکاڵیش بێت.

ئەگەر قسە لەسەر هەندێک حزبی خۆرئاوای پۆست مۆدێرنەیە وەک ژینگە پارێزەکان، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی ئەو پارتانە زیاتر لەپاش کەوتنی بلۆکی سۆشیالیزم و لەتوپەتبوونی پارتە کۆمۆنیستییەکان، ئەمانیش وەک چەندین ڕێکخراوی مرۆیی و مافی مرۆڤ و منداڵ و ئاژەڵ و...تاد لەبنەڕەتدا پارچەی بچووکی هەڵوەریوی پارتە کۆمۆنیستە هەڵوەشاوەکانی خۆرئاوان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیامەی کە لە ئەدەبیاتی ئەمانیشدا

هەیە لەبنەڕەتدا پەیامێکە بۆ ژینگەی سەرجەم مرۆڤایەتی، نەک تەنیا کۆمەڵگاکەی خۆیان و بەس.

لەهەموو بارێکدا ئەگەر سیاسەت بەبێ حزب مەحاڵێکی گەورە بێت و ئەگەر حزب بەبێ ئایدیا چۆڵەوانییەکی کاکی بە کاکی بێت، ئەوا ئایدیاکانیش بەبێ پەیام و موژدە و تەڵەسمە فریادڕەسییەکەیان دەبنە حیکایەتی مێش و خاڵی لەهەرشتێک کە بیانبەستێتەوە بە دنیای مرۆڤەکانەوە. لێرەدا پێویستە بگەڕێمەوە بۆ بۆچوونەکەی پێشووم سەبارەت بە وێکچوونی میکانیزمی کارکردنی ئایین و سیاسەت لەنێو کۆمەڵگادا، تا بڵێم ئەوەی مەحکوم بووە بە خۆ کۆپیکردن لەبەر وێنەی ئەوی دیدا سیاسەت بووە نەک ئایین، چونکە کام لە پەیام و موژدە و چەمکە جوانەکانی سیاسەت بگرین، ئەگەرچی بەهەمان زاراوە نەبێت، بەڵام دەلالەتەکانیان لەنێو پەیامەکانی ئایینەکاندا دەبینینەوە. هەر لەخۆڕا نییە دەست بۆ هەر چەمکێکی عەقڵانی و مۆدێرنی نێو دنیای سیاسەت ببەین کە بۆنی جوانییەک یان خەونێکی ئینسانییانەی لێبێت، ئیسلامیستەکان دەمودەست ئاماژە بۆ وێنە (ئەسڵییەکەی) یان بۆ دەلالەتەکانی دەکەن لەنێو تێکستی پیرۆز یان هەر سووچێکی ئیسلامدا، ئەگەرچی ئەزموونێک یان ڕووداوێکی مێژووییش بێت، ئاماژەیەک کە لایەنی کەم و هیچ نەبێت بڕواداران و زۆرینەی زۆری موسوڵمانان سەری قەناعەتی بۆ نەوی دەکەن.

لەم دەروازەیەوە گەرەکمە بچمە نێو باسێکی فراوانترەوە کە پەیوەستە بە موژدەهێن و پەیامبەر و نوێنەرانی سیاسەتەوە کە بەهەمان شێوەی ئایدیاکانی ئایین و سیاسەت، ئەمانیش تا ڕادەی کۆپیبوون بە پیاوە موژدەهێن و ڕێبەرە ڕۆحییەکانی ئایین و بەو نوێنەرانە دەچن کە خۆیان بە جێنشینی پەیامبەری ئیسلام و ئایینەکانی دیکە دەزانن، دیارە لەهەندێک جێگەشدا بە جێنشینی خودی پەیامبەرەکان. ئەمە ئەگەر نەڵێین جێنشینی خواوەند لەسەر زەوی و لەنێو ئەو بەندانەی خواوەندا کە بە (ڕەعییەت) ناوبراون. مێژووی سیاسەت ئەگەر بە دیوێکدا مێژووی ڕووداو و ململانێ و مێژووی چەندین بیر و چەمک و ئەزموونی جۆراوجۆری مرۆڤایەتی بێت، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا هەمیشە مێژووی کاراکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەو ڕووداو و ململانێ و بیر و چەمک و ئەزموونانە بووە، واتە ئەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان لەهەر قۆناغێکی سیاسیدا بینیبێت، هەمیشە بۆخۆیان بوونەتە تەوەرەیەکی سەرەکی و تەنانەت چەقی ئەو دنیایەی کە کۆی ئەو قۆناغە سیاسییەی پێکهێناوە، بۆیە بەبڕوای من مێژووی سیاسەت، بەر لە کۆمەڵگاکان و گەل و وڵاتەکان، مێژووی تاکە کەسە کاریگەرەکانی نێو سیاسەتە، ئەگەر کەسێک پێی وابێ باسکردن لە کاراکتەری سیاسی بەم شێوەیە، باسکردنە لە وێنە و فۆرمە جیاوازەکانی دیکتاتۆر، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەو دەمە دەبێ بۆ پێگە و وێنەی ئێستای ئۆباما لەم قۆناغە سیاسییەی ئەمریکادا و بۆ گاندی نێو مێژووی سیاسیی هیندیش هەمان شت بڵێت. بۆیە لەم لایەنەوە ئەوەی بڕیار لەسەر جوانی یاخود ناشیرینی ئەو وێنەیە دەدات بابەتێکی دیکەیە و پەیوەستە بە بیر و خەون و ئەزموونی ئەو کەسانەوە لەو قۆناغەدا. بەئێستایشەوە زەحمەتە سیاسەتوانێک هەبێت کە بیەوێ ڕۆڵێکی کاریگەر و دیار لەنێو کۆمەڵگاکەیدا ببینێت، گوتار و پەیامەکانی تەژی نەبن بەو خەون و چەمکە جوانانەی کە دڵنیایە خەونی کۆمەڵگاکەین، ئیدی ئەو سیاسەتوانە ڕاستگۆ بێت یان درۆزن، دڵسۆز بێت یان هەڵپەرست، لە ئاستێکی بەرزدا بێت یان نزم و سەرکەوتوو بێت یاخود شکستخواردوو، ئەمەیان مەسەلەیەکی دییە و ئەوەی نەگۆڕە شوێنە سێنتراڵییەکەی موژدە و بەڵێن و خەونەکانە لە گوتاری هەر سیاسەتوانێکدا، ڕەنگە سەروەختی هەڵبژاردنەکانی هەر وڵاتێک و لافیتە و دروشم و وتاری کاندیدەکان زیندووترین بەڵگەی ئەم بۆچوونە بن. وەنەبێ ئەمە هیچ کەماسییەکی بۆ سیاسەتوانەکان تێدابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر سیاسەتوانێک خاڵیبێت لەو پەیامە بارگاوییانە بە بەڵێن و موژدە، ئەوە سیاسەتوانێکی بێ خەون و بێ بەرنامەیە و بەدەستی خاڵییەوە دێتە پێش و زەحمەتیشە چاوەڕوانی هیچ کار و پرۆژەیەکی ئەوتۆی بەسوودی لێبکرێت. بەڵام قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر توخمێکی دیاریکراوە لە سیاسەتوان کە من بە (پێغەمبەرە درۆزنەکەی نێو سیاسەت) ناوی دەبەم و وێنەیشی لەدنیای ئێمەدا هەیە و لە چەند فۆرمێکی جیاوازدایە، بە ڕادەیەک کە نەک هەر ڕەنگ گۆڕینی خۆی بەڵکو توانای گۆڕینی پێستی خۆیشی هەیە ئەگەرچی لەهەمان میتاڵیشدا بێت. کە دەڵێم پێغەمبەری درۆزن مەبەستمە ڕاسەڕێ بچمە نێو ئەو دنیا ڕووکەش و فریودەرەوە کە ئەم کاراکتەرە سیاسییە خۆی تێئاخنیوە، دنیایەک کە ئاشکرا بۆنی زوهد و خەڵوەت و گۆشەگیریی لێدێت، دونیایەک کە زۆر مەبەستێتی ئەم پیاوەمان لە وێنەی زاتێکی پڕ لە نهێنی و تەڵەسم و پەنهانیدا نیشانبدات، تا بەرامبەر هەر (موفاجەئە)یەکی سیاسییانەی ئەو هەمیشە تووشی سەرسامی بین، دنیایەک گەرەکێتی زاتێکمان نیشانبدات لەنێو دنیای سیاسەتیشدابێت و جیاوازبێت لەهەموو ئەو بنیادەمانەی پێیان دەگوترێ سیاسەتوان، زاتێکی کەمدووی کەمخۆری کەمخەوی کەم(دەرامەت!)، تەنانەت لە پێکەنینی ئاساییشدا دەستکورت و هەژار، پیاوێک لەنێو بێدەنگییەکی گەورەدا کە هەمیشە وامان لێبکات بەعەزرەتەوە بین شتێک بڵێت. مەخلووقێکی سیاسی کە دەیەوێ ئەو قەناعەتەمان لەلا دروستبکات لەسەر دەستی ئەو ڕاستوچەپێکی گەورە بەهەموو ئەو وێنە ناجۆر و قێزەونانەدا دەهێنرێت کە لە یادەوەریی خەڵکیدا بۆ کردەی سیاسەت و کاراکتەری سیاسی کراون، ئیدی ئەو وێنانە ڕاستی بن یان درۆ.

ئێستای دنیای سیاسیی ئێمەش بێبەش نییە لەمجۆرە (پەیامبەرە درۆزنە)ی سیاسەت، کە نە بێدەنگییەکەی حیکمەتێکی شاردۆتەوە و نە خەڵوەتەکەیشی فریشتەیەکی تێدایە و نە گیرفانی خاڵی و نە دەستەکانیشی سپین. بەڵام هەمیشەش کەسانێک هەن کە ئامادەن لەو وێنە کاریزماییەدا بیبینن کە دەیخوازێت، لەبەر هیچ تەنیا لەبەرئەوەی ئەمان دەخوازن سیاسەتوان لەو وێنە و فۆرمە نوورانییە پاکەدا ببینن. ئەگەرچی لەتەوقی سەری هەتا بەرپێی نوقمی درۆ بێت. وەک چۆن دەگوترێ دیکتاتۆر هەمیشە دروستکراوی دەستی گەل و کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، بەهەمان شێوەش پەیامبەرە درۆزنەکانی ئازادیش دروستکراوی دەستی خەون یان وەهمی کۆمەڵگا خۆیەتی، پێغەمبەری درۆزنی نێو سیاسەتیش هەمیشە ئەوەیانە کە لەهەمووکەس زیاتر جورئەتی ئەوەی هەیە بڵێ من ڕاستگۆم، تەنانەت بڵێت تەنیا من ڕاستگۆم و هەموو ئەوانی تر درۆزنن.

**کە وشەی (ترسناک) دەخەمە پاڵ ئەوجۆرە سیاسەتوانە لەبەرئەوەیە کە ئەم مەخلووقە بۆخۆی خاوەنی دەموچاوی سیاسییانەی خۆی نییە، ئەوەی هەیەتی دەمامکێکە لەسەر فۆرمی جوانی و هەیبەتی پەیامبەرێکی نووراني دروستکراوە**

**ئێستای دنیای سیاسیی ئێمەش بێبەش نییە لەمجۆرە (پەیامبەرە درۆزنە)ی سیاسەت، کە نە بێدەنگییەکەی حیکمەتێکی شاردۆتەوە و نە خەڵوەتەکەیشی فریشتەیەکی تێدایە و نە گیرفانی خاڵی و نە دەستەکانیشی سپین**

# ئایا عێراق دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان گۆڕانكاریی بەخۆوە دەبینێت؟


كازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە مانگی نیسانی رابردوو لە عێراقدا كە لە ٢٠١٣/٤/٢٠ ئەنجام درا، چەندین تێبینی و سەرنجی گرنگی لێكەوتەوە دەتوانین لەم خاڵانەدا چڕیان بكەینەوە:

١- بەشداریكردنێكی لاواز كە لە ٥٠٪ی تێنەپەڕاند لەوانەی كە مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەمەش لاوازترین ڕێژەی بەشداریكردنە لەوەتەی هەڵبژاردنەكانی دە ساڵەی رابردوودا، دیارە ئەوانەی نەچوونە دەنگدان دەیانەوێت پڕ بەدەم بڵێن كە تووشی شۆك و نائومێدی بوونە لە بەرامبەر رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاكان و پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێكردندا، هەروەها لە هەر سێ دەسەڵات، لەبەر جووینەوەی ئەو بەڵێنانەی كە بەر لە هەڵبژاردنەكان بە خەڵكەكەیان دابوو، بەڵام هەر چاوەڕوانن كەچی هیچیان نەكەوتنە واری جێبەجێكردنەوە، هەروەها ئەوانە قەناعەتیان بە ململانێی تایفی و وێرانكەر نییە لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و پەكخراوی پەرەپێدانی نیشتمانیدا، هاوكات قایل نین بە رەوشی گوزەرانیان لە عێراقدا، بۆیە هیچ هۆكارێك نابینن كە هاندەریان بێت بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكاندا.

٢- ئەم هەڵبژاردنانە لە كاتێكدا بەڕێوەچوون كە ململانێی تایفی لەوپەڕی توندیدابوو لە نێوان حزبەكانی ئیسلامی سیاسی كە لەسەر بنەمای مەزهەب و دژ بە بۆچوونی حزبەكانی دیكەی شێوەی خۆیان لە مەزهەبەكانی دیكە دامەزراون، دیارە پێناسەی لاوەكی ئەم لایەنانە بەندە بە سیاسەتی حكومەت لەباتی پێناسەی نیشتمانیی عێراق، كاتێكیش تەپڵی شەڕی تایفی لێدەدرێت، زۆر كەس خەمی تاكەكەسیی خۆیان لەبیر دەكەن و رووەدەكەنە تایفییەت و داكۆكی لێ دەكەن زیاتریش بە مەبەستی گەیشتنە بۆ دەسەڵات، بۆیە دەنگدانەكە زیاتر بەرەو ئەو حزبانە بوو كە حوكمڕانن، دواتر دەنگدان بۆ حزبە سوننی و شیعییەكان بوو بە گوێرەی بیروبڕوای ئەو دەنگدەرەی كەسەر بەو حزبانەیە، بۆیە بەراستی ئەمە هاتەئاراوە كاتێ كە حزبە ئیسلامییە شیعییەكان یان سوننەكان دەنگی زۆریان هێنا، دەبینین كە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجومەنی پارێزگاكان و ئەوی ئەم دواییە كە لە ٢٠١٣/٤/٢٠ بەڕێوەچوو زۆر لاواز بوو.

٣-ئەمە مانای وایە كە كۆمەڵگە تا ماوەیەكی دیكەش هەر بەلاواز دەمێنێتەوە لە رووی تێگەیشتنی لە چەمكی هاووڵاتیبوون و یەكسانی بەڵكو پێناسەی تایبەتی مەزهەبی و تایەفی پێ باشترە لەبەرامبەر بەورژەوەندیی تێكڕای خەڵك، دیارە ئەم چەمكەش زیان بەسەرتاپای كۆمەڵگە دەگەیەنێت بە هەموو توێژەكانییەوە، بۆیە هاووڵاتی هاتووە لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی دەنگ بە لایەنێك یان پاڵێوراوێك دەدات.

٤- هێزەكانی رەوتی دیموكراتی و دیموكراتیخوازانی دیكە وێڕای ئەو هەموو هەوڵە بەنرخانەی لە نێو توێژەكانی گەلدا خستویانەتەگەڕ، بەڵام نەیانتوانی رەفتاری تایەفەگەریانەی دەنگدەران بگۆڕن، هەرچەندە ١١ تا ١٢ نوێنەریان لە

ئەنجومەنی پارێزگاکاندا مسۆگەرکرد کە ئەمەش توانای زیاتریان پێ دەبەخشێت بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکەکە، لەهەمان کاتدا هەر ئەوانیش ناتوانن سیاسەتی زۆرینەی ئایینی و تایفی لەو ئەنجومەنانەدا بگۆڕن، ئەمە بێجگە لەوەی کە لاوازیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەریی هەبوو بۆ سەر کەمیی دەنگی دەنگدەران لە بەرژەوەندیی هێزەکانی رەوتی دیموکراتی.

٥- قەوارەگەلێکی سیاسی کە لە ساڵی ٢٠١٠دا بەشدارییان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا کردبوو بەیەك لیست بەناوی لیستی ئەلعێراقیە ئەمجارەیان لەبەر ناکۆکی و ناتەباییان بەسەر چەند لیستێکدا دابەشبوون، کە ئەمەش زیانی بەرچاوی هەبوو لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور و بە تایبەتیش لە بەغدا.

٦- بۆیە پێویستە بەردەوام لەبیرمان بێت کە میدیای فەرمیی حکومی و کەناڵی تەلەڤزیۆنی عێراق رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پشتیوانی کردنی لیستەکەی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی حزبی دەعوەی فەرمانڕەوا، لە کاتێکدا کە ڕێگە بە قەوارەکانی دیکە نەدرا پشکێکیان هەبێت لە بەگەڕخستنی میدیاو بڵاوکردنەوەی بەرنامەو ئامانجەکانیان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکاندا، کە ئەمەیان پێشێلکردنی ئاشکرای دەستوور بوو.

٧- هەڵبژاردنە گشتی و ناوخۆییەکان وێڕای ئەوەی کە سیمایەکی دیموکراتین لە هەر وڵاتێکدا، بەڵام ئەو سیمایە ساغ و دروست نابێت ئەگەر لە کەشوهەواو ژیانێکی دیموکراسیدا ئەنجام نەدرێت، کاتێکیش دەزگاکانی دەوڵەت رۆڵی نەرێنی تێدا ببینن بۆ بەرژەوەندیی لیستێك یان کەسێکی دیاریکراو چالاکی بنوێنێت، یا بە کڕینی دەنگی نەداران و هەڵپەرستان یان بەکرێگیراوان.

٨- ئەم هەڵبژاردنانە خاڵی نەبوون لە زێدەڕۆیی، چونکە چاودێران و دەستەکانی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لەوانەش رێکخراوی تەمموز بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئەمانە دەریانخستووە کە لیستی تایفییە سیاسییەکان ئەوانەی حوکمڕانن لە عێراق بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان زێدەڕۆییان بەرامبەر یاسا کردووە.

کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی یاسا بەم شێوەیە بەسەر پارێزگاکاندا کە هەڵبژاردنیان تێدا کرا، دابەشکراون، بەغدا ٥٨، بەسرە ٣٥، بابل ٣١، زی قار ٣١، دیالە ٢٩، سەڵاحەدین ٢٩، نەجەف ٢٩، قادسیە ٢٨، کەربەلا ٢٧، موسەننا ٢٦، میسان ٢٧، واست ٢٧، واتا کۆی دوازدە پارێزگا بریتی بوو لە ٣٧٧ کورسی، ژمارەی پاڵێوراوان بۆ ئەم کورسییانە ٨١٣٨ پاڵێوراو بوون کە نوێنەرایەتیی ٥٠ قەوارەی سیاسییان دەکرد، ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لەم پارێزگایانە ١٢٦١٠٣٣٠ دەنگدەر بوون، دیارە رێژەی دەنگدانیش لە پارێزگایەك بۆ ئەوی دیکە جیاواز بوو، کە بە گشتی ٥٠٪ بوو، واتا زیاتر لە شەش ملیۆن دەنگدەر، زۆربەی دەنگەکانیش بۆ بەرژەوەندیی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان بوو لە شیعەو سوننە، لیستی شیعەکان بەشێکی زۆری دەنگی بەشداربووانیان بەدەست هێنا، بە تایبەتیش کە لە پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا و کەرکوك بە فەرمانی سەرۆك وەزیران هەڵبژاردنیان تێدا دواخرا، هەروەها هەڵبژاردنەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش لە کاتێکی دیکەو بە پێی یاسای هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن، لیستی ئەلعێراقیەش بە پلەی دووەم دێت، بەڵام لیستەکانی رەوتی دیموکراتخواز تەنیا ١١-١٢ کورسیان بەدەست هێنا، هەرچەندە دەوڵەتی یاسا کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق زۆرینەی کورسییەکانی لەنێو لیست و حزب و قەوارەکانی تایفی شیعی بەدەستهێناوە، بەڵام زۆر کورسی لەدەست دا بۆ بەرژەوەندیی لیستە شیعییەکانی دیکە و لیستەکانی رەوتی دیموکراتی.


ئەم ئەو واقیعەیە کە نیوەی دەنگدەران روویان نەکردە سەر سندووقەکان دیارە وەك نارەزاییەك بەرامبەر رەوشی نالەبارو تراژیدیای عێراق و تێڕوانینیان لە هەمبەر ئەو میتۆدو سیاسەتە چەوتەی تایفەگەرییە کە زۆربەی دەنگدەران لە پێناویدا روویان لە سەندووقەکانی دەنگدان کرد، مافی هەموو هاووڵاتییەکە لە ناوەوەو لە دەرەوەی عێراق کە پرسیار بکات لەسەر ئەو سەیر و سەمەرەیەی کە بەسەر ئەو میللەتەدا هاتووە لە میانی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٣دا بۆ ئەوەی بزانێت ئایا هیچ شەوێك بە خۆشی و بە سەلامەتی سەریان خستۆتە سەر سەرین و بێ ترس و دڵەڕاوکێ لێی خەوتوون، بێجگە لە کوشتن و تۆقاندن و زام و ئازارو ئەشکەنجە و نیگەرانی و کارەسات، ئایا ئەمە ئەو عێراقەیە کە بە ماڵ و بە گیان قوربانی لە پێناوی داوەو ئەمڕۆش دەبینێت کە تەنیا کەسانێك هاتوون و سامان و خێروخۆشیی ئەم وڵاتەیان زەوت و قۆرخ کردووەو زۆربەی توێژەکانی ئەم میللەتە داماوەش ژیانی کولەمەرگی بەسەر دەبات.

لە کاتێکدا کە عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ دا پێشوازی لە هەڵبژاردنی تازەی گشتی دەکات کەچی وڵات لەنێو دەریایەك گرفت و کێشەی ئاڵۆزدایە و ململانێ و خۆپیشاندان و پەناگیری چەند مانگێکە بەردەوامە، بە شێوەیەك کار گەیشتە پێکدادانی خوێناوی لەنێوان هێزی سەربازی و حکومی و لەنێوان ژمارەیەك چەکدار لە حەویجەو سلێمان بێگ و چەند ناوچەیەکی دیکەی رۆژئاوای عێراق کە بەدەیان کوژراوو برینداری لێکەوتووە، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەین، یەکەمیان نابێت سوپای عێراق لە ململانێ ناوخۆییەکان بگلێندرێت، چونکە شوێنی سوپا سنوورو سەربازگەی تایبەتە، پاشان نابێ رێگە بە حزب و شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکان بدرێت سوپا یان هێزی میلیشیا پێك بهێنن چونکە ئەمە نەك تەنیا دژی دەستووری عێراقە، بەڵکو ناکۆکە لەگەڵ کاروانی ئاشتی و ئاشتەوایی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، هەروەها ئەم رەفتارە رەوت و رێبازی دیموکراتی لە عێراقدا دەگۆڕێت، هەرچەندە من لەو بڕوایەدام کە سەرۆك وەزیران سیاسەتێکی نا دیموکراتی پەیڕەو دەکات، بەڵام خەباتی ئاشتیخوازی و دیموکراتی دەتوانێت بیهێنێتە ژێر واقیع و رێبازی دەوڵەت بەرەو ژیانێکی دیموکراتی بگۆڕێت. لە کۆتاییشدا دەبێ بگوترێت کە لەسەر هەرسێ دەسەڵات پێویستە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناچاربکەن سیاسەتێکی تازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە گیانێکی دیموکراتیخوازانەو دوور لە تاکڕەوەی پەیڕەو بکات.

**ئەوانەی نەچوونە دەنگدان تووشی شۆك و نائومێدی بوونە بەرامبەر رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمان، لەبەر جووینەوەی ئەو بەڵێنانەی کە بەر لە هەڵبژاردنەکان بە خەڵکەکەیان دابوو**

**لە کاتێکدا کە عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ دا پێشوازی لە هەڵبژاردنی تازەی گشتی دەکات کەچی وڵات لەنێو دەریایەک گرفت و کێشەی ئاڵۆزدایە و خۆپیشاندان و پەناگیری چەند مانگێکە بەردەوامە**

# تیرۆریسم بە ڕووتی



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

لە ٢٢ ی ژوڵای ٢٠١١ دا نەرویژ بوو بە شانۆی تەقینەوە بەهێزەکان کە ٧٧ کەسیان کوشت و سەدانیش بریندار! ئەندرس بەرهینگ بریژڤیك تاکە ئەکتەری بەرپرسیارە لە کۆی ئەم تەقینەوانە. لە مارسی ٢٠١٢ دا بەهەمان شێوە فەرەنسا دەبێت بە مەیدانی قەسابخانەیەکی دیکە. موحەمەد مەرەح، ئیسلامیستی فەرەنسی/جەزائیری، سێ سەربازو دواتر سێ مناڵی جوولەکەو مامۆستایەك لەبەردەم قوتابخانەکەیاندا دەداتە بەر فیشەك. لە ١٥ ئەڤریلی ٢٠١٣ دا دیسانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەبەرچاوی هەموو دنیاوە دەبنەوە بە قوربانیی تەقینەوە تیرۆریستییەکان. سێ کەس گیان لەدەستدەدەن و چەندانی دیکەش بریندارەبن. تیرۆریستەکان لە بۆستۆن چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ماراسۆنەکە بگاتە دوا هەوار، لەو جێگایەدا کە هەموو کامێراکانی دنیای لێ بوو، بۆئەوەی بۆمبەکانیان بتەقێننەوەو میدیاکان راستەوخۆ بیگوێزنەوە بۆ بینەران. براکان، جەوهەر و تامرلان متسارنایف کە بەئەسڵ چیچانین و چەندین ساڵە لە ئەمەریکادا ژیانیان بەسەر بردووە، ئەو ئەکتەرانەن کە بەتەقینەوەکانیان سەرنجی دنیایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لە هەر یەکێك لەم سێ دۆخەدا (نەرویژ، فەرەنسا، ئەمەریکا) ئەکتەرەکان بە تەنیا خۆیان عەقڵی ڕێکخەرو بڕیاردەرو پاشان ئەنجامدەری پرۆژە تیرۆریستیەکانن. واتە ڕێکخراوە جیهانییە تیرۆریستیەکان نەهاتوون و بەرنامەیان بۆدابڕێژن، بەڵکو وەك تاکی پەراوێز و لە پەراوێزەکاندا خۆیان خاوەنی پرۆژەکان بوون. ڕەنگە هەر یەکێك لەم سێ ئەکتەرە، لەم سێ وڵاتە جیاوازەدا، بەجۆرێك لە جۆرەکان کەڵکیان لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەرگرتبێت و چەند پێوەندییەکیان هەبووبێت. بەڵام هیچ یەکێك لەمانە مانای ئەوە نییە کە ئەم کردەوانەیان بەرهەمی ڕێکخستنە تیرۆریستیە جیهانیەکان یان نیشتمانییەکان بووبن. هیچ یەکێك لەمانە مانای ئەوە نییە کە ئەم ئەکتەرانە چەکی دەستی نوخبەیەکی تیرۆریستی ژێر زەمینەکان یان نێو ئەشکەوتەکان بووبن.

ئەوەی لێرەدا تازەیە؛ دروستکردنی بڕیارە لەلایەن خودی خۆیانەوە. پەڕینەوە بۆ پراکتیکی پرۆژەکانیان دەرەنجامی ڕاڤەکردنێکی دەستەجەمعی و ستراتیژی نییە، بەڵکو دەرەنجامی چیرۆکی شەخسی هەریەکێك لەم ئەکتەرانەیە، کە لەڕێگای گفتوگۆی ناوەکی (مۆنۆلۆگ) لەگەڵ خودی خۆیاندا گەیشتونەتە ئاستی پەڕینەوە بۆ پراکتیك. هەڵبژاردنی کات و شوێن و ئامانجی تەقینەوەکان نە بە وردی نەخشەی

بۆ دانراوەو نە تاکە بژاردەش بوون، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان هەرەمەکی بوون. بۆنموونە برا چیچانیەکان، لەسەرەتادا ویستبوویان لە ٤ ژولای ٢٠١٣ دا، کە جەژنی نیشتمانییە لە ئەمەریکادا، تەقینەوەکان ئەنجامبدەن، بەڵام کاتێك کە هەستیان بەوەکردبوو کە هەموو شتێکیان ئامادەیە و لەسەرپێن، بڕیارەکەیان گۆڕی و لە ١٥ ئەڤریلی ٢٠١٣ لە بۆستۆن ئەنجامیان دا. لە ئامادەنەبوونی نوخبەیەك لە پشت پرۆژەکانیانەوە، ئەکتەرەکان دەتوانن بە خواستی خۆیان کات و شوێن و ئامانجی تەقینەوەکانیان بگۆڕن.

بەدیوێکی دیکەدا، چەند نوخبەو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە پشت ئەم تەقینەوانەوە نائامادەن، هێندەش ئایدۆلۆژیای بەهێز لەپشت کەوالیسەکانی عەقڵی هەریەکێك لەم ئەکتەرانەوە ئامادەیە. بریژڤیکی نەرویژی بریتییە لە تێکەڵەیەك لە ڕاستی توندڕەو، ئیسلامۆفۆبی، دژە کۆچبەر، دژە مارکسیست، دژە فرەکولتوری، دژە جولەکە. موحەمەد مەرەحی فەرەنسی وەك ئیسلامیستێکی ڕادیکاڵ خۆی پێناسەدەکرد. برا چیچانیەکانی ئەمەریکا، لەیەك کاتدا خۆیان وەك ئیسلامیست و دژە ئەمەریکی دەخەنە سەر شانۆ.

هەر یەکێك لەم ئەکتەرانە لەو کەسانەن کە بە وردی ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن و شارەزان بە کوچە و کۆڵانەکانی. بەپێچەوانەی ئەوانەی کە تەقینەوەکانی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ یان ئەنجامدا کە هەموویان لەدەرەوە هاتبوون، ئەم ئەکتەرە نوێیانەی تیرۆریسمی ڕووتوقووت، مناڵی خودی ئەو کۆمەڵگانەن کە دەیاندەنەوە بەر فیشەك و لە تەقینەوەکانیاندا نوقمیان دەکەن. هەر یەکێك لەم تیرۆریستە نوێیانە خاوەنی ئاستێك لە پەروەردەن، واتە نەخوێنەوارەکانی جیهانی سێیەم نین و لەنێو تراژیدیای هەژاریدا گەورەنەبوون. بەڵام ئەم ئاستە لە پەروەردە وای لێنەکردون کە ئاوێزانی ژیانی کۆمەڵایەتی ببن؛ بەپێچەوانەوە، جۆرێکی تایبەت لە حیقد بەرامبەر بە کۆمەڵگە، ڕق لە پێوەندییەکان، تووڕەیی لە جۆری ژیانی لادروست کردوون.

هەر یەکێك لەم بکوژانە لەنێو پەراوێزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا خەیاڵدانێکی فراوانی بۆخۆی دروست کردووە. لەم خەیاڵدانەدا جڤاتێکی ڤیرتیوڵ هەیە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ئەوان دەچێت و وەك ئەوان بیردەکاتەوەو دەژی. ئەم جڤاتە خەیاڵییە، چەند دەکرێت ئیسلامۆفۆبی بێت، هێندەش دەکرێت ئیسلامیستی ڕادیکاڵ بێت، چەند دەکرێت دژە فرە کولتوری و دژە کۆچبەربێت، هێندەش دەکرێت چەکداری فرە کولتوری و کرانەوە بێت.

من پێموایە بۆ تێگەشتن لەم ئەکتەرە نوێیە تیرۆریستانە، بەتەنیا قوتابخانەیەکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەس نییە و دەبێت پەنا بۆ چەندین میتۆدی جیاوازبەرین. وردکردنەوە و پاشان ڕاڤەکردن و دواتر دەرخستنی ئەنجامەکانی کردەی تیرۆریستە نوێیەکان، چوونە نێو دنیا ئاڵۆزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان، بە میتۆدێك و بە قوتابخانەیەك ناکرێت، بەڵکو دەبێت کۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بانگهێشت بکرێن.

یەکێك لەو دەرەنجامانەی کە من پێی گەیشتووم، دەکرێت بەم شێوەیە گوزارشتی لێبکەم: ئەو جەماوەرەی کە ئەم تیرۆریستانە بەناوی ئەوانەوە کاردەکەن و شەرعیەت بە تەقینەوە و قەسابخانەکانیان دەدەن، ئامادەنییە بەهیچ شێوەیەك دان بەم جۆرە لە ڕەفتاردا بنێت، لەوەش زیاتر، سەرکۆنەی دەکات و لەڕێگای ڕژانە سەر شەقامەکانەوە نەفرەتی لێدەکات. ئەو موسوڵمانانەی کە موحەمەد مەرەح بەناوی ئەوانەوە لە فەرەنسادا قەسابخانەی دروستکرد، نەك هەر سەرکۆنەیان کرد، بەڵکو خۆشیان لێ بێبەری کرد!

بێگومان ئەم لێکدابڕانە مانای ئەوەنییە کە لێرەو لەوێ هەندێك کەس نەبن کە پشتگیریان لێنەکەن، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیە، تەنانەت ئەم کەسانەش هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانێکیان بە تیرۆریستەکانەوە نییە و پێوەندییان تەنیا لە ئاستی هەست و سۆزدا دەمێنێتەوە.

بەپێچەوانەی جۆرەکانی دیکە لە تیرۆریسمەوە، ئەم جۆرە تایبەتە لە تیرۆریسم خۆی بە رووت وقووتی دەخاتە سەر شانۆ ! ئامانجی ئەم تیرۆریستانە بریتی نییە لە دروستکردنی شۆڕشێکی مەزنی مێژوویی! هەر لە سەرەتاوە دەزانن کە ناتوانن دەوڵەتێك هەڵبوەشێننەوە. دەتوانم بڵێم ئەم تیرۆریسمە رووت و قووتە هەڵگری هیچ ڕەهەندێکی سیاسیش نییە و لە بۆشایدا کاردەکات : کوشتنە لەپێناوی کوشتندا، قەسابخانەیە لە پێناوی خوێنی زیاتر و سەری بڕاوی زیاتردا.

پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەم تیرۆریسمە چەند ڕووت وقووتە، چەند بێ سیاسەتە، چەند بێ پرۆژەیە، ئەوەندەش تێکەڵ دەبێت بە کاروانی هەموو ئەو تیرۆریسمانەی دیکە کە پرۆژەی سیاسییان لە پشتەوەیەو بەڕووت وقووتی دەرناکەون و هەڵگری سروشتێکی ئاڵۆزن. بۆ تێگەشتن لەم پارادۆکسەش، دیسانەوە گەڕانەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بە فەرمانی یەکەم.

---


*** سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**

**پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەم تیرۆریسمە چەند رووت وقووتە، چەند بێ سیاسەتە، چەند بێ پرۆژەیە، ئەوەندەش تێکەڵ دەبێت بە کاروانی هەموو ئەو تیرۆریسمانەی دیکە کە پرۆژەی سیاسییان لە پشتەوەیەو بەڕووت وقووتی دەرناکەون و هەڵگری سروشتێکی ئاڵۆزن**

**چەند نوخبەو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە پشت ئەم تەقینەوانەوە نائامادەن، هێندەش ئایدۆلۆژیای بەهێز لە پشت کەوالیسەکانی عەقڵی هەریەکێک لەم ئەکتەرانەوە ئامادەیە**

**هەر یەکێک لەم بکوژانە لەنێو پەراوێزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە جڤاتێکی خەیاڵیدایە، چەند دەکرێت ئیسلامۆفۆبی بێت، هێندەش دەکرێت ئیسلامیستی ڕادیکاڵ بێت، چەند دەکرێت دژە فرە کەلتوری و دژە کۆچبەربێت، هێندەش دەکرێت چەکداری فرە کولتوری و کرانەوەبێت**

# میدیای نوێ و پرسی شوناس لەتەونی جاڵجاڵۆکەیی
# Web 1 بۆ Web 2



بەهات حەسیب قەرەداخی

وێب «Web» واتا تەونی جاڵجاڵۆکە، تەڵە، داوی ڕاو.. تەپکە: داوودەزگایەکە بۆ ڕاوکردنی پەلەوەر... بەر لەسەرهەڵدانی وێب دوو، پێشتر وێب یەک و وێب یەک و نیو هەبوون..

وێب یەک: بریتی بوو لە هەندێ پەیج کە بە سستمی static _ html کاریان دەکرد و بەدەگمەن ئەپدەیت دەکرانەوە. زانیاری و بابەتەکانی ناویان، جێگیر و نەگۆڕ بوون. هیچ کەس جگە لە خاوەنی پەیج و سێرڤەرەکە بۆی نەبوو دەسکارییان بکات و شتێکیان بۆ یان لێ کەم و زیاد بکات.

وێب یەک و نیو: بریتی بوو لە چەندین پەیجی دینامیکی و بە جووڵە و پەرەسەندووتر لە وێب یەک. وێب یەک پشت ئەستوور بە سستمی داتا بەیس، ناو بەناو لەلایەن خاوەنی پەیجەکانەوە، ئەپدەیت دەکرانەوە.

وێب دوو: وەرچەرخان و قەڵەمبازێکی زۆر فراوان و گۆڕانێکی یەکجار ریشەییە لە کاروانی پەرەسەندنی میدیا بەگشتی و میدیای ئەلەکترۆنیدا بەتایبەتی..

لە وێب دوودا، بە ملیۆنان پەیجی دینامیکی و هەزاران تۆڕی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە و کاران، کە تا رادەیەکی زۆر پشت ئەستوورن بە بەشداریی ڕاستەوخۆی بەکاربەرانیان نەک خاوەنی پەیج و سایت و سێرڤەرەکان.

ئەوەی زۆر گرنگەو جێی بایەخی، خاوەنی ئەو سایت و پەیجانەیە، بریتیە لە چەندێتی و چۆنێتیی، نمایشکردن و وەشاندن و رەواج پێدان و ئەدڤەرتایس وئەپدەیتی رۆژانەو بگرە سات بەساتی بەردەوامی زانیاری و بابەت و پەیامەکانیان.

سایت و تۆڕو پەیجە ئەلەکترۆنییەکانی ویب دوو جۆرەها چالاکیی هەمەچەشنەو فرە کایە لەخۆدەگرن، گرنگترین و بەرچاوترینیان ئەمانەن: بڵاوکردنەوەو وەشاندنی هەواڵ، داتا، کتێب، رۆژنامە، گۆڤار، خوێندنی ئۆنلاین و سێرچ و کۆرسی جیاجیای پیشەیی، پەخشی رادیۆو تیڤی بە زیندووی، ڤیدیۆ و وێنە و ئەنیمەیشن و چاتی رووبەڕوو و ئۆڤەر و ئەپلیکەیشنی جۆربەجۆر و فرە کایە، یاری وکێبڕکێ قومارو کڕین و فرۆشتن و مامەڵەی بانکی، بانگەشە و بانگخوازیی ئایینی.... تاد.

ئەمەی کە روو دەدات چییە؟

ئایا تەنیا هەر پەرەسەندنێکی تری تەکنەلۆژیای ئامڕازو دەزگەکانی میدیا و پێوەندییە و بەس؟

یان.... سەرەتای قۆناغێکی نوێی مێژووی شارستانیەتە وهەنگاوە بەرایییەکانێتی بە ئاڕاستەیەکی تەواو جیاواز لەوەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا مرۆڤایەتی گرتبوویە بەر؟

• رۆژانە بە بەرچاوی هەمووانەوە، چەندین کەناڵی ڕاستەوخۆو زۆر خێرا بۆ خۆ نمایشکردنی تاک و

گرووپ و بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتن و بەیەکتر گەیشتن دێنە ئاراوە... تا ئێستا ژمارەیان لە دەیان هەزار کەناڵ ڕەتی کردووە.

• ژیانی ڕۆژانەی تاک لە خۆرئاوا و خۆرهەڵات، لە باکوور و لە باشوور، تا رادەیەکی زۆر پەیوەست و گرێدراوی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانێتی.

• شەپۆلەکانی زانیاری و داتا، چ لەڕووی چەندایەتی، چ لە ڕووی چۆنایەتیەوە، لە هەڵکشانێکی زۆر خێراو بەردەوام وکەم وێنەدان.

• بە پاساوی بەکۆمەڵایەتی کردنی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی داتا و هەڵسەنگاندنیان، سنوورە ئاکادیمی و پیشەییەکانی زۆربەی کایە پسپۆرییەکان، ئەوەندە پێشێل دەکرێن کە هەندێکیان چوونەتە ریزی نەبووان.

• سنوورە نەریتییەکانی زانست و ئیتیکی کار، رۆژانە لە گشت لایەکەوە دەبەزێنرێن و بنەما و پرنسیپ و دسپلینە لەسەر راهاتووکانیان، بێ بەها وکەم ئەرزشدەکرێن!

• هەموو ئەوانە وایان کردووە کە دامەزراوەیەکی بە تانوپۆی زۆر کاریگەری گریمانەیی لەدەرەوەی گشت بەها باوەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان سەرهەڵبداو ببێتە خاوەنی ملیارەها ئەندامی کارا و سیستم و یاسا و رێسای تایبەت بەخۆ و بەدەر لە سانسۆر و کۆنترۆڵی راستەوخۆی کایە و یەکە کۆمەڵایەتییە نەریتیەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، بێ پەروا کاری خۆی دەکات....

***

میدیای نوێ و سیما گشتییەکانی سەردەمی وێب دوو:

ئێستا بەرچاوترینی سیماکانی ئەم سەردەمە بە جیاوازیی رێژە و ئاست لە دنیادا ئەمانەن:

١. زانیاری بۆتە کاڵایەکی نیمچە خۆڕایی و هەرکەس تەکنەلۆژیای پێوەندیی لەبەر دەستدا بێ، بە ئاسانی دەستی پێیان دەگات .

٢. کۆکردنەوە، سازکردن و بڵاوکردنەوەی «زانیاری» بۆتە پرۆسێسێکی هاوبەش و بێ سنوور و گشتگیر.

٣. زانیارییەکان فرێش و خێراو هەمە چەشنەو فرە سەرچاوەن.. ورد ودرشت، راست و هەڵبەستراو، باش و خراپ، سوودبەخش و بێ کەڵک و زیان بەخش، هەرهەمووی بێ جیاوازی لەبەردەست و چاوی هەموواندان!

٤. بەردەوام خواستی ماددی و حەزی نوێ و ئارەزووی تێرکردنی خێرایان لە سەرهەڵداندان و دیسانەوە سەرهەڵدانی خواستی زیاتر و نوێتر و پێویستی و ئارەزووی تێرکردنیان.

٥. «تاک» خۆی تەوەرو ئامانجی سەرەکیی پێوەندییەکانەو ئەندازیاری دارشتنەوەی ژینگەو کۆمەڵگە و بەهاکانێتی.

٦. سەنترالزیمی میدیای تەقلیدی لە پاشەکشەدایەو دەرفەت بۆ هەمووان کراوە و وەک یەکە..شتێک نەماوە بەناوی دسپلین و پرەنسیپ و ئیتیکی کاری میدیایی!

***

## وێب دوو: قەیرانێکی نوێ لە هەناوی کۆمەڵگەی ترادشناڵدا.

سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی وێب ٢ لە سەرتاسەری دنیادا، تەنانەت لە ناو کۆمەڵگە مۆدرێن و پۆست مۆدرێنەکانیشدا، بۆتە مایەی سەرهەڵدانی پرس و ترسگەلێکی زۆری سۆسیۆ- سایکۆلۆژی و مەعریفیی جددیی ئەوتۆ کە هێشتا لای خۆشیان بۆیان یەکلایی نەبۆتەوە، ئایا دەبێ چی بکەن و چۆن تاک و کۆمەڵگە و سستمی ژیانیان لە مەترسییەکانی ئەم « تۆڕ و تەڵە و داوە» بپارێزن و بەکەمترین زیانەوە لێی دەربازبن!

هەرچیی دەربارەی کۆمەڵگە نەریتی (ترادشناڵەکان) یشە، ئەوا هیچ گومانی تێدانییە کێشەکە بە تەنیا لە پرس و ترسدا نەماوە و گەیشتووە بە ئاستی « قەیران»ێکی راستەقینەو لەناو هەناویاندا وەک گڕکانێکی نا ئارام لە جووڵەو هەرەشەدایە!

نیشانە هەرە بەرچاوەکانی ئەم قەیرانە، ئەمانەن:

١ — تێنەگەیشتن و حاڵی نەبوون لە راستی و دروستیی ئەوەی کە لە جیهاندا و لەژێر ناوی وێب دوودا، روویداوە و بەردەوام لە پەرەسەندندایە..

٢ -- سەرگەردانی، بێ پلانی، پەرتەوازەیی و دووفاقی لە تاووتوێ و مامەڵەکردن لە تەک ئەو چەمک و جیهانبینەی سەردەمی وێب دوو هێناویێتیە ئاراوە و بەردەوامیش لەزیاد بوون و فرەییدایە...

٣ -- درک نەکردن بە بایەخ و مەترسییەکانی ئەو گۆڕانکارییە ریشەییانە کە هێشتا وان بەڕیوە...

٤ -- ململانێی پەنهان وئاشکرا لە نێوان شوناسی تاک و شوناسی کۆمەڵدا.

### مێدیای ترادشناڵ و شوناس

شوناس: بەڵگە و تابلۆی، کەسێتیی هەر کۆمەڵگەیەکە.

کەلتوور: ناوەڕۆک و فۆرمی ئەو شوناسەیە.

کەلتوور: کۆی سستمی بەها وباوەڕو نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەیە.

کەلتوور: مەرجەعە. تۆماری میللەتێک و نیشتمانێکی دیاریکراوە.

میدیای ترادشناڵ: یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی گواستنەوەی کەلتوور لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی دواتری هەر میللەتێک و کەنالی خۆناساندن و خۆ سەلماندنیشێتی.

میدیای ترادشناڵ: خۆی لە خۆیدا پارێزەری سستمی

«وێب دوو» چەکی سەرەکیی سوپای «سۆفت پاوەر» / نەرمە هێزە .. دەزگای راوکردنی ملیارەها تاکە تاکەی مرۆڤەکانە ، لەم رێیەشەوە راوکردنی میللەتانی پێش مۆدێرنێتی تەنانەت هەندێ لە میللەتانی مۆدرێنێتی و سەرگۆی زەوییش ئاسانتر و مسۆگەرتر دەبێت !

تەشەنەکردنی وێب ٢ لە کۆمەڵگە نەریتی (ترادشناڵەکان)دا ، هیچ گومانی تێدانییە کێشەکە بە تەنیا لە پرس و ترسدا نەماوەو گەیشتووە بە ئاستی «قەیران»ێکی راستەقینە و لەناو هەناویاندا وەک گڕکانێکی نا ئارام، لە جووڵە و هەڕەشەدایە!




**ئەم وێب دووە، تەونێکی جالجالۆکەیی راستەقینەیەو چاڵجاڵۆوەکان هەم وەک کۆشک و قەڵای خۆڕاگرو پارێزراو، ژیانی خۆیانی تێدا بەسەردەبەن و هەم وەک تەون و داوی راویش بەکاری دێنن، بۆ راوکردنی دوژمنەکانیشیان و بۆ دابینکردنی خۆراکی ئێستا و داهاتوویشیان!**

بەها و نەریت و مێژوو کەلتووری میللەتێکە.

شوناس: راستە لە گۆڕانێکی پلە بەپلەی سەخت و هێواشدایە و قەڵامباز نادات، بەڵام چەقبەستوو نییە.

مێدیای نوێ و شوناس

- مێدیای نوێ: زۆر خێرایە.. سنووربەزێنە.. رادیکاڵ و بێ کۆنترۆڵ و بێ مەرجەعە!
- مێدیای نوێ: زیاتر لەدەرەوەی سستمی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیە باوەکاندا چالاکە.
- گواستنەوەی کەلتوور و پاسکردنی بەها و پێوەرە باوەکانیش بە ئەرکی خۆی نازانێت.
- خەریکی نەخشاندنی شوناسێکە بۆ تاک و بۆ گرووپە گریمانەییەکان.. نەک بۆ کۆمەڵ و نیشتمان.
- لە دەوازەکانی ئەتمۆسفیرەوە تەونەکانی خۆی فڕێ دەدات نەک لەسەر ئەرزی واقیعەوە.

**مێدیای نوێ.... پرس و ترس!؟**

پرسەکان:

١- ئایا بەتەواوی جێ بە مێدیای ترادشناڵ لێژ دەکات و فڕێیدەداتە پەراوێزەوە؟

٢- ئایا کاریگەرییە سیاسییەکانی تاکەی و تا کوێ و بەکام ئاڕاستەدا بەردەوام دەبن؟

٣- ئایا کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی بەکوێ دەگەن و چیمان بەسەردێنن؟

٤ - ئایا تا چەند لەتوانایدایە تەواوی ژیانی واقیعیمان پێ بگۆڕێ بە ژیانێکی گریمانەیی « ڤێرچوەڵ» ؟

٥ ـ ئایا دەبێتە پردی بەیەک گەیشتن و لەیەکترگەیشتنی میللەتان و بەرقەرارکردنی ئاشتیی جیهانی؟ یان دەبێتە هۆیەکی تر بۆ سڕینەوەی زۆرینە و باڵادەست بوونی هەرچی زیاتری هەندێ لە سوپەر پاوەرەکانی دنیا؟

٦ ـ ئایا چارەنووسی کەلتوورو شوناسی «میللەتان» بەتایبەتیش میللەتانی بێ دەوڵەت و بێ تەکنەلۆژیا و پەراوێزخراو و بەکاربەر بەکوێ دەگات؟

ترسەکان:

- لێکترازانی خێزان و کاڵبوونەوەی بەها و پێوەرەکانی.
- فراوانبوونی گاپی نێوان نەوەکان و سەرهەڵدانی دابڕانێکی مەعریفیی تەواوی نێوانیان.
- تەشەنەکردنی فەرهەنگی خواستی بەکاربردن و تێرکردنی هەرچی خێرا و خیراتر!
- کاڵبوونەوە و سڕینەوەی کۆ- یادگە ( زاکیرەی جەمعی ) و نەمانی مەرجەع لە گشت کایەکانی ژیاندا.
- ڤیزاکارد و ماستەرکارد، جێی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی دەگرنەوە.
- کەم بەها کردنی جیاوازیی کەلتووری و زاڵبوونی کەلتووری سەرمایەداریی مۆدێلی ئەمریکی !

سەرئەنجام هیچ زیادەڕۆیی تێدا نییە کە بڵێین: ئەم وێب دووە، تەونێکی جالجالۆکەیی راستەقینەیە و چاڵجاڵۆەکان هەم وەک کۆشک و قەڵای خۆڕاگر و پارێزراو، ژیانی خۆیانی تێدا بەسەردەبەن و هەم وەک تەون و داوی راویش بەکاری دێنن، بۆ راوکردنی دوژمنەکانیشیان و بۆ دابینکردنی خۆراکی ئیستا و داهاتوویشیان!

«وێب دوو» چەکی سەرەکیی سوپای «سۆفت پاوەر» / نەرمە هێزە.. دەزگای راوکردنی ملیارەها تاکە تاکەی مرۆڤەکانە، لەم رێیەشەوە راوکردنی میللەتانی پێش مۆدێرنێتی تەنانەت هەندێ لە میللەتانی مۆدرێنێتی و سەرگۆی زەوییش ئاسانتر و مسۆگەرتر دەبێت!

***

**پوختەی ئەو بابەتەیە کە لە سیمیناری تایبەت بە بیستەمین ساڵیادی گۆڤاری گوڵان لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ لە هۆڵی چوارچرا لە لایەن نووسەرەوە پێشکەش کرا**

# باش و خراپ و دزێو: میزۆپۆتامیا لە لانکەی شارستانییەتەوە بەرەو لانەی تیرۆر



پ. جەمال رەسوڵ محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

## باش

تۆمارە مێژووییەکان شایەتی بوونی قۆناغێکی زێڕینن لە شارستانیەتییەکانی میزۆپۆتامیا و لەبارەی ئەوەی چۆن ئەو ناوچەیە لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا بەشداریکردووە لە — بنیاتنانی- جیهاندا. زۆرێك لە شارستانییەتە دێرینەکان لەو ناوچانەدا گەشەیان کرد و بەرەوپێشچوونیشیان کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر جیهان، کە لە سەرتاسەری جیهاندا و تا رۆژگاری ئێستاش درێژەیان هەیە. ئەم بەشداریکردنە مەزنانەش وایکرد بێ رکابەر نازناوی لانکەی شارستانیەت وەربگرن. یەکەم هەوڵی دامەزراندنی سیستمی دادپەروەری و یەکەم یاسا، کە بە یاسای حامورابی ناسراوە( ١٧٩٢-١٧٥٠ی پێش زایین) لەم ناوچەیەدا لەدایك بوون. هەروەك لە داستانی گلگامێشدا کە نزیکەی ساڵی ٢٠٠٠ی پێش زایین نووسراون، یەکەم هەوڵی مرۆڤ بۆ خۆپاراستن لە کارەسات و لافاو لێرەدا تۆمارکران. دۆزینەوەی «سفر» وەك ژمارە و « ئەلجێبرا» وەك وێنەیەکی لاتینی ئەل-جەبر کە یەکەم جار لە کتێبێکدا لەلایەن خوارزمیەوە نزیکەی ٨٢٥ی پێش زایین لە بەغدا بەکارهێنرا، هەموو ئەمانە تەنیا چەند شایەتیەکی کەمن لەم بارەیەوە.

تێڕوانینێکی ورد لەسەر ئەم شارستانییەتانە ئەوە پیشان دەدات کە لە چوارچێوەی خاکی خۆیاندا ژیان و بەرپرسیار بوون لە کاروبارەکانی خۆیان و تەنیا لە چەند فۆرمێکدا مانەوە تاوەکو کۆتایی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، لە کاتێکدا ناوچەکە لە چوارچێوەی ئەو ئیمبراتۆریەتەدا لە رووی سیاسییەوە وەك ئیمارەتگلێك دابەش ببو، کە هەر یەکەیان لەلایەن خانەدانێکی مەحەلیەوە حکومڕانی دەکران. کلیلی ئەم سەرکەوتنانە لە پێدانی دەرفەت بە تاکەکەسە بەهرەمەند و بە تواناکاندا دەبینرا، پێدانی دەرفەت بۆ ئەوەی داواکاریەکانی خۆیان لە سایەی سیستمێکی سیاسی نامەرکەزیدا بەدی بهێنن، کە لەسەر ئاستی مەحەلی توانادار بوون، ئەمەش زەمینەی خۆشکرد بۆ گەشەکردن و نوێگەری کە وایکرد جیهان پێی بڵێت لانکەی شارستانیەت.

## خراپ

دوای جەنگە جیهانیەکان و هەرەسهێنانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، هێزە هاوپەیمانەکان، لە دابەشکردنی زەویە داگیرکراوەکاندا، هەر لایەکیان کۆنترۆڵی بەشێکیان کرد و لەسەر مێزی قاوەخواردنەوە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دارشتەوە، بێ ئەوەی پرس و را بە دانیشتوانەکە بکەن. لە دەرئەنجامدا، چەند دەوڵەتێك دروست بوون، لە نێویاندا عێراق. دەرکەوتنی نەوت لە کەرکوك وای لە بەریتانیا کرد بایەخ بە ویلایەتی موسڵ بدات (کە کەرکویشی دەگرتەوە) و لکاندی بۆ ئەوەی عێراقی ئێستای پێ پێکبهێنێت، بێ ئەوەی ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی لەبەرچاو بگرێت. تۆوی نائارامی و ناکۆکی ناوخۆیی چێنرا لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بەردەوامی پێبدەن، هەموویان رێککەوتنێکی گەورەیان کرد کە هەر دەستێوەردانێك لە

کاروباره ناوخۆییەکانی ئەم سنوره دانراوانە بە نایاسایی لە قەڵەمدرا. ئەمەش پەساپۆرتێکی بە دیکتاتۆرە بوکەڵەکان دا، بۆ ئەوەی بە ئارەزو و ئیرادەی خۆیان دانیشتوانی خۆیان سەرکوت بکەن، کە زۆر جار پاڵنەرەکانی سیاسەتی دەرەوە بوون و ئەمەش داواکاری پڕچەککردنی زیادکرد کە زۆرجار بەهۆی فرەییە کۆمەڵایەتی و دیموگرافیەکانەوە توندتر بوون. بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، نەتەوە سەرکەوتووەکان یەکیان گرت و نەتەوە یەکگرتووەکانیان دروستکرد و باڵادەستیان بەخۆیان بەخشی بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان بڕیار بدەن و مافی ڤیتۆیان بەخۆیاندا کە هەر بڕیارێکی بە کۆمەڵ ڕەتبکەنەوە کە دژ بە بەرژەوەندیەکانیان بێت. لە نێو پرسەکانی دیکەدا، مافی ڤیتۆ بووە هۆی کاولکاری بۆ خۆیان و بێدەسەڵاتبوون وەك پارێزەری لاوازەکان و کردیە پیاوی نەخۆشی جیهان. تەنانەت لە بوارەکانی ئیدارەی قەیرانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری، بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك لە عێراق نموونەیەکی باشە. (بەرنامەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بواری بە گەندەڵیدا، کە بڕەکەی بە ملیارەها دۆلار دەخەملێنرێت: راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، رویتەرز ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣). چەند دەیەیەك و رووداوە تراژیدیەکانی ١١ی ٩ی ویست بۆ ئەوەی ئەمریکا و باقی جیهانی گەشەکردو درك بەوە بکەن کە ناتوانن دووربن لە کێشەکان کاتێك بەشەکانی دیکەی جیهان و بە تایبەتی ئەو دیکتاتۆرانەی پارێزگاریان لێدەکردن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانیان بکەن لە وڵاتە دەوڵەمەندە جیاوازەکاندا، کاری دڕندانەی زۆر نامرۆڤانەیان ئەنجامدا، وەك کیمیابارانکردنی دانیشتوانی خۆیان، پرۆسەکانی جینۆساید و ئەنفال لە کاتێکدا لە کوردستانی باشوور روویاندا لەلایەن سەددام حوسێنەوە، وایکرد بە ١٨٠ پلە سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆیان بگۆڕن و کارێکیان کرد پێداچوونەوە بە یاسای پەیوەست بە کاروبارە ناوخۆییەکان بکرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن بە رادەیەکی قبوڵنەکراو. رووخاندنی دەسەڵاتی حکومڕانە ئەفغانییەکان و دواتر سەددام دەستپێکی ئەو سیاسەتە نوێیە بوون.

**دزێو**

بە ماوەیەکی کەم دوای رووخاندنی دەسەڵاتی سەددام، هەموو هەوڵەکان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ناوچەکە لەسەر بنەمای پێکەوەسازانی دانیشتوانەکە لەپێناو ئاشتییەکی درێژخایەندا پەردەپۆشکرا و دەستەواژەی دزیوی پاراستنی «یەکپارچەیی خاك» بووە دروشمی رووسییەکان بۆ سیاسەتمەدارانی ئەمریکا. ئەمەش کورتبینی و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی سیاسەتمەدارە ساختەکانی لە ناوچەکەدا بە دوا داهات. زەنگی دیموکراسی لە هەموو کەنارێك لێدرا، بێ ئەوەی مەعریفەیەکی زۆر هەبێت لەبارەی ئەوەی دیموکراسی چییە و لە سایەی چ هەل و مەرجێك بەهای دەبێت. ئەمەش بە مانای ئەوەدێت تاوەکو ئاستێکی ماقووڵ پێکەوەسازان نەبێت لە کۆمەڵگەدا، ئەوا پێناسەیەکی شێوێنراو بۆ دیموکراسی دەکرێت. بە دڵنیاییەوە ئەوە بەس نییە پشتیوانی لە پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاك بکەیت بۆ دەوڵەتێکی شێواو، تەنیا لەبەر ئەوەی هەموویان مرۆڤن و هەموویان بە یەك زمان قسە دەکەن و هاوئایینن.

لە رووی مێژووییەوە هەموو هەوڵەکان یەکخستنی موسڵمانەکان یان هەموو عەرەبەکان لە یەك دەوڵەتدا شکستی هێناوە و تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی لەم شێوەیە لەڕێی زەبر و زەنگەوە پێکبهێنرێت، ئەوا نە گەشە دەکات و نە درێژە دەکێشێت. لە راستیدا، بیروڕا ئاڵ و گۆڕ کرا لەبارەی پلانێکەوە بۆ دووبارە دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ناوچەی پێکەوەسازاو بێنێتەئاراوە کە بتوانرێت دیموکراسی دابمەزرێت و بپارێزرێت. لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی هەر کاتێك سیستمگەلێکی پێکەوەسازاو دابمەزرێت، ئەوا تەواوی ناوچەکە دەست بە قۆناغێکی زێڕین دەکات کە بە داخەوە هێزە مەزنەکان بە هەڵە بەدحاڵیبوونیان هەیە کە ئەمە دژ بە بەرژەوەندی ئەوانە، ئەوان دەست لە ناو دەست کار دەکەن بۆ پاراستن و دووبارە خولقاندنەوەی هەل و مەرجی ئێستا. لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە هەموو هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمریکا بخوێنینەوە کە ئامۆژگاریەکانی دژ بە بەو پەیوەندیە مێژووییانەیە کە دەستی بە گەشەکردن کردووە لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیادا لەلایەك و رۆڵی میانگیری دەبینێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ئەو راستیەش دەزانێت کە بۆچوون و بیروباوەڕ و شێوازی مامەڵەکردن و تەنانەت عەقڵیەتی نەگونجاو هەیە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا- کە بە شێوەیەکی نارێك پێکهێنراوە-، نەك تەنیا بۆ چەند دەیەیەك ماوەتەوە، بەڵکو لە زیادبووندایە. زیندووبوونەوەی مەرکەزیەت و دیکتاتۆریەت لە عێراقدا دەستی پێکردووە و تەنانەت خەڵکە ئاساییەکەش هەستی بەمە کردووە، ئەویش لەڕێی بینینی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پشتگوێخستنی ئیرادەی نەتەوەکانەوە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان لەسەر حسابی بەدەستهێنانی رێککەوتنی گەورەتر.

بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیای پەیوەندیی زانیارییەوە هەل و مەرجێك هاتۆتەپێشەوە کە پێویست ناکات ٣٠ بۆ ٥٠ ساڵ چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی پەردە لەسەر سیاسەتێکی شاردراوە لابدرێت. لە دەرئەنجامدا، نهێنی بوون بۆتە ئەرکێکی ئاڵۆز، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ. هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کە لە بەڕێز ئەردۆغانی تورکیا ببیستین داوا لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بکات «دەستێوەردان نەکەن لە پەیوەندیەکانی نێوانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا «KRG» « کە بەم دواییە پەرەیان پێدراوە کە نەك تەنیا لە بەرژەوەندی هەردوو لادایە، بەڵکو بۆتە بەردی بناغەی سەقامگیری بۆ تەواوی ناوچەکە. جێی دڵخۆشییە کە بزانین هێزی پەیوەندیکردن و دیالۆگ جێی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات دەگرێتەوە بۆ هێنانەدی ئاشتیەکی درێژخایەن لە ناوچەکەدا کە سیناریۆ تەقلیدیەکەی گۆڕیەوە کە تێیدا هەمووان دۆڕاو بوون، بۆ سیناریۆیەك کە هەمووان تێیدا براوەن.

*** راوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**